Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi
Yıl: 7, Cilt: 7 Sayı: 13, 2021/1 ISSN: 2147-5679

# دەستپێک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (سالم) بە نموونە

# INITIATION TO CLASSICAL KURDISH POETRY (SALIM) AS EXAMPLE

ئەرخەوان موحەممەد عوبێد / **Arkhawan Mohammed OBED**[*]

**Makale Türü/Article Types:** Araştırma Makalesi / Research Article
**Makale Geliş Tarihi/Received:** 10.11.2021
**Kabul Tarihi/Accepted/:** 21.11.2021
**Atıf:** Obed. A. (2021).
"دەستپێک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (سالم) بە نموونە"
Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi, 13, 161-205.
**Orcid:** 0000-0001-8314-1420

**پوختە**

دەسپێک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (سالم) بە نموونە؛ ناونیشانی توێژینەوەیەکی شێوازیی ئاماری و شیکارییە، کە تیایدا جەخت لە سەر هونەرەکانی دارشتنی دەستپێکی شیعر لە لای شاعیری کلاسیکی کورد (سالم) کراوە. لە توێژینەوەکەدا دەستپێکی شیعری وەکوو دەروازەی کرانەوەی دەق مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لە سێ تەوەردا رۆڵ و شێوازی دەربڕینەکانی سالم باس کراوە. لە تەوەری یەکەمدا هونەری دەستپێک و جۆرەکانی بەپێی پێوەندی بە مەبەستی شیعرییەوە روونکراوەتەوە، تەوەری دووەمیش بۆ هەژمارکردن و شیکردنەوە و دابەشکردنی دەستپێکی شیعری سالم بە پێی شێوازەکانی گوتن تەرخان کراوە، لە تەوەری سێیەمدا پێنج جۆری پێوەندی لە نێوان دەستپێکی شیعر و کۆتایی شیعر خراوەتە روو. لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا گرنگترین خەسڵەتەکانی سالم لە چۆنیەتی دەستپێکی گوتندا دەستنیشان کراوە و هونەری شاعیر و زاڵبوونی بەسەر دەقدا بە مەبەستی نیشاندانی جیاوازییە تاکەکەسییە شێوازییەکانی شاعیر چڕکراوەتەوە و لە ئەنجامدا خراونەتە روو.

* Dr. University of Kerkuk, The Collage of Education and Human Sciences, arkhawanmohammed83@gmail.com
مامۆستا لە بەشی کوردیی کۆلیژی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کەرکووک

وشەی کلیلی توێژینەوە: سالم، شیعري کلاسیکی، دەستپێک، جۆرەکانی دەستپێک، دەستپێکی دڵگیر، دەستپێکی جوان.

ملخص البحث

عنوان لدراسة اسلوبي احصائي و الأستهلال في الشعر الكلاسيكي الكردي الشاعر(سالم)كنموذج، تحليلي، تم فيها تسليط الضوء على فنون استهلال الشعر و كيفية انشائها عند الشاعر الكلاسيكي (سالم) في بداية الدراسة تم التعامل مع الاستهلال كبوابة و مفتاح لدخول فضاء النص الشعري. قسمت الدراسة على ثلاثة محاور اساسية، في المحور الاول تم مناقشة فن الاستهلال و اسلايبها و تقسيماتها حسب العلاقة بين المقدمة الشعرية والغرض الشعري. ثم عرض الدراسة في المحور الثاني الاحصائيات المتعلقة باساليب الخطاب في الاستهلالات الشعرية عند(سالم)، اما في المحور الثلاث فاعتمد الدراسة على كيفية العلاقة بين الاستهلال و الخاتمة الشعرية وعرضها مختصرة في خمسة انواع.اهم ما توصل اليه الدراسة من نتائج عملية وتحليلية متمثلة با الفروق الفردية في اسلوب الشاعر الاستهلالي و طريقته في بدأ الخطاب الشعري، تم تلخيصها في نهاية البحث في سبعة نقاط مجزة.

الكلمات المفتاحية للدراسة: سالم، الشعر الكلاسيكي، الاستهلال، انواع الاستهلال، براعة الاستهلال، حسن الاستهلال.

## Initiation To Classical Kurdish Poetry (Salim) As Example

**Abstract**

Initiation to classical Kurdish poetry (Salim) as example, is the tittle of a statistical and analytical research in which the art of composing the initiation in Salm's(1220-1286 poems is focused., In this research , the initiation of the poem is like an opening door to the main point, and in three axes, the role and the way of writing Salim poetry is mentioned. In the first axis, the art of initiation and its types have been clarified in relation to their aim and purpose of poetry, the second axis is to count, analyze and divide the initiation of Salim poetry in relation to the stylistic methods of that poem, in the third axis, five types of relationship between the beginning and the end of the poem are examined. In this research, the most important Salim traits in how to compose have been considered, and the poet's art and mastery of the subject have been analyzed and presented at the end in order to show the difference in the style of each poet.

**Keyword Start**:, Salim, classica poetry, Initiation ,Delightful start, Beautiful start.

پێشەکی

دەستپێکی شیعر، کلیلی چوونە ژوورەوەی ماڵی شیعرە. سەرەتای ئاوێتەبوونی وەرگرە لە گەڵ ئاسۆی دەقدا، ئینجا ئەگەر ئەو کلیلە دەرگاکە بەباشی واڵا نەکات، وەرگر هەر لە دەروازەدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگر کلیلەکە بەباشی دەرگاکە بکاتەوە ئەوە وەرگر بە ئارەزووی خۆی بەناو هەموو کون وکەلەبەرکانی ماڵی شیعردا دەسوڕێتەوە. لە دەقی شیعریدا قورسایی وروژان وسەرنجراکێشانی دەق دەکەوێتە ئەستۆی دەستپێک، بۆیە زۆر گرنگە ئەرک و بەهای دەستپێکی شیعری جێگای تێڕامان بێت، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا، چونکە بە هۆی پێڕەوکردنی یەکێتی بەیت و یەکێتی بابەت ئەرک وکاریگەری و رۆڵی دەستپێک لە فۆرمی دەقی نوێ و کلاسیکدا هەندێک جیاوازە. لەبەر ئەوە بەگرنگمان زانی دەستپێکی شیعری کلاسیکی کوردی لە رووی جۆر وپێکهاتەوە و شێوازی دروست بوونەوە بخەینە بەر باس وتوێژینەوە.

سنوری توێژینەوەکە:

شیعرە کوردییەکانی (عەبدورەحمان بەگی ساحێب قڕان) کە نازناوەکەی (سالم)[1]ە.

هۆکاری هەڵبژرادنی سنوری توێژینەوە:

چڕکردنەوەی توێژینەوەکەیە لە سەر یەک ئەزموونی شیعری و ئاوڕدانەوەیە لە دەستپێکی شیعری لای شاعرێک، کە کاریگەر بووە بە هەردوو سەبکی هیندی وعیراقی. لەبەر ئەوە دەستپێکی شیعرەکانیش هەمەجۆرن، بۆیە لە سنووری ئەم شیعرانەدا باسی دەستپێکی شیعرەکانی کراوە.

سوودەکانی توێژینەوەکە:

سەرەڕای دەستنیشانکردنی هەندێک لایەنی شێواز لە داهێنانی شیعری سالمدا، ئەم توێژینەوەیە ماددەیەکی خامی حازرە بۆ توێژینەوە رەخنەییەکان، چونکە پێدراوەکانی ناو توێژینەوەکە یارمەتی و ئاسانکاری بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی دەقەکانی سالم دەکات.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

---

1 سالم عەبدوڕڕەحمان بەگە، کوڕی محەمەد بەگی قەرەجەهەننەم کوڕی ئەحمەد بەگی صاحێبقڕان و ئامۆزای (موستەفا بەگی)کوردییە،لە ساڵی(١٢٢٠)کۆچی کە بەرامبەر(١٨٠٥-١٨٠٦)زاینییە هاتۆتە دونیاوە و لە (١٢٨٦)کۆچی بەرامبەر(١٨٦٩-١٨٧٠)زاینی کۆچی دوایی کردووە،نازناوی شاعیر (رەنجور)و(بیمار) بووە ، بەڵام گوایە دواتر پزیشک نازناوی (سالم)ی بۆ داناوە، کە نیشانە ساغی و سەلامەتییە، چونکە سالم پاوێکی لاواز وبێ تاقەت و مات و بێ دەنگ بووە. ئەم شاعیرە لە پاش رووخانی حکوومەتی بابان لەگەڵ خانەوادەکەی دەچێتە تاران و زۆر لەوێ دەمێنێتەوە و وەڕەس دەبێت، دواتر گوایە دەگەڕێتەوە و لە شاری سلێمانی کوچی دوایی دەکات و لەسلێمانی لە تەنیشت گوڕی موستەفابەگی کوردی دەنێژرێت، هەندێکیش دەڵێن تورکەکان ئەینێرنە باشووری عیراق و لە شاری حیلە کۆچی دوای دەکات. بڕوانە مەلا عەبدولکەریم مودەریس و ئەوانی تر، دیوانی سالم، ئا.سدیق ساڵح، ب١،چ١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٥.

لە توێژینەوەکدا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دارشتنی دەستپێک لە لای (سالم)، پشت بە شێوازگەری ئاماری و لە شیکردنەوەکەشدا پشت بە هەندێک لە چەمەکەکانی رەوانبێژی بەستراوە. بۆیە توێژینەوەیەکی ئاماری شیکارییە.

پرۆگرامی باسەکە:

ئەم باسە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی دەستپێکی هۆنراوە وەکوو چەمک و پێناسە کراوە و بەپێی پێوەندی دەستپێک بە مەبەستی شیعرییەوە، چوار جۆر دەستپێکی شیعری (دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر، دەستپێکی ئاشکرا، دەستپێک بە سۆز، دەستپێک بە وێنە) لای سالم باسکراوە. هەروەها دەستپێکی جوان و دڵگیریش خراوەتە روو و پێوەندی ئەم چەمکانە بە هەر چوار جۆری دەستپێکەکەوە شیکراوەتەوە، لە تەوەری دووەمیشدا شێوازەکانی دارشتنی دەستپێک لە رووە زمانییەکەوە ئامار کراوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە و لە یانزە خاڵدا چرکراوەتەوە. تەوەری سێیەمیش بۆ پێوەندی نێوان دەستپێک و کۆتایی دەق تەرخان کراوە، کە لە رێگای دروستکردنی پێنج پردی پێوەندی(تەواوکاری، بازنەیی، کورتکردنەوە، دابرِو و پێچەوانەیی) جۆری پێوەندیەکان شیکراوەتەوە. لە کۆتایی باسەکەشدا گرنگترین ئامانجە بەدیهاتووەکان وئەنجامە گشتیەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا باس کراوە.

تەوەری یەکەم

دەستپێکی شیعر

دەستپێک سەرەتا و هەنگاوی یەکەمە لە هەموو کارێکدا، بۆیە بەپێی پێگەکەی گرنگە و ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ و سەرکەوتنی کارەکەی پێوەبەندە. لە شیعریشدا دەستپێک کلیلی کردنەوەی دەقە بە رووی نووسەر و وەرگردا، چونکە بۆ نووسەر هەنگاوی یەکەمی بونیادی هزرە و بۆ وەرگریش سەرەتای سەرنج راکێشان و تێکەڵ بوونە لە گەڵ بۆشایی دەقدا. ئەم سەرەتایە بەشێکە لە گشت، ئەو گشتەش پەیکەری دەقەکەیە کە لە سەرتا و ناوەراست و کۆتایی پێک دێت. ئەم بەشانە پێوەندی و هەماهەنگی زۆر تێکەڵاو لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەم هەماهەنگییە لە پێگە و گرنگی هیچ کامیان کەم ناکاتەوە.

(ئەرستۆ) لە پێناسەی دەستپێکدا دەڵێ (مۆڵەت وەرگرتنە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، لە شیعردا پێشەکییە و لە هونەری نەی ژەنیندا سەرەتای کردنەوەیە، ئەمانە رێگا خۆش دەکەن بۆ ئەوەی لە دوای ئەوان دێت )(١). واتە؛ دەستپێک رۆڵی سەرەکی هەیە لە دیارکردنی سیماکانی ناوەراست و کۆتایی دەق، چونکە رێگە خۆش دەکات بۆ ئەو شتانەی کە لەدوای خۆیەوە دێن، بۆیە (برِی بەها و جوانی دەستپێک کاریگەری چامە لە دەرووندا دەنرخێنێ )(٢)، هەروەها کاریگەری لەسەر نەمری و مانەوەی دەقەیش هەیە.

لە هونەری شیعر نووسیندا و لە بابەتی دەسپێکی نووسینی شیعریدا پرسیارێکی گرنگ خۆی دەسەپێنی، ئەویش ئایە ئەو دێڕە یا ئەو دوو دێڕە شیعرەی کە لە سەرتای شیعرێکەوە دەبینرێ، مەرجە یەکەم دوو دێڕی نووسینی شاعیرەکە بێت و سەرتای دەست کردنی شاعیر بە شیعر گوتن بێت؟ یاخود مەرج نییە؟

بۆ وەرگری شیعر ئەو دێڕە یا ئەو دوو دێڕەی سەرتای هەر شیعرێک دەستپێکی شیعرەکەیە، چونکە بۆ ئەو هیچ دەستپێکی دیکە بوونی نییە، بەڵام بۆ شاعیرەکە ئەو دوو دێڕە دەشێ لە کاتی کردەی داهێنانەکەدا سەرتا نەبووبێت و دەستپێکی گەڵاڵە بوونی هزری دەقە شیعرییەکە نەبووبێت، بەتایبەتی لەشیعری کلاسیکیدا، چونکە(کاتێک بیرۆکەی شیعرێک لە مێشکی شاعیر دەردەکەوێ، سەرتا بیرۆکەکە وەکوو پەخشانە، دواتر شاعیر وشە و دەربڕین و کێش و سەروای گونجاوی لەبەر دەکات، رێکخستنی سەروا و هێنانەوەی کێشی گونجاو و دەستەبەرکردنی مانا دەبێتە هۆی پەیدابوونی دێڕە شیعرییەکان. کە دێڕەکان زۆر بوون شاعیر رێکیان دەخات و لە گشتێکدا هەموو پارچەکان کۆدەکاتەوە و لە سیستەمی دەقدا جێیان بۆ دەستنیشان دەکات. پاشان تەماشایان دەکات و هەڵەچنی و گۆڕانکاری تێدا دەکات)(٣)، واتا مەرج نییە ئەو دێڕەی کە لەسەرتای شیعرێکدا دەبینرێت، یەکەم دێڕبێت کە شاعیر نووسیبێتی، بەڵام ئەو دێڕەیە کە شاعیرەکە پێی باشبووە لە سەرەتای شیعرەکەیدا دایبنێت، بێگومان ئەم کارەش لەشیعری کلاسیکیدا ئاسانە، چونکە زۆر جار یەکێتی بەیت لە سیستەمی دامەزراندنی دێڕەکاندا پێڕەوکراوە، بەڵام بۆ شیعری نوێ تۆزێک جیاوازە، چونکە یەکێتی بابەت لە دامەزراندنی دەقدا پێڕەو دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی پێوەستبوونی بەشەکانی دەقەکە لە یەکەیەکی ئۆرگانی پتەودا، ئەگەر چی دەشێ شاعیری شیعری نوێش دێڕێک یان دەربڕینێکی بە هزردا بێت و دواتر ئەو دەربڕینە لە ناوەراستی دەقەکەدا شوێن خۆی بگرێت. بەڵام دیسان شاعیر لە نێو جەنجاڵی ئەو دەربڕینانەی کە لە هزریدا بوونی هەیە، دەربڕینێک هەڵدەبژێرێت و دیکاتە بناغەی دامەزراندنی دەق و دەستپێکی بونیادنانی مانا.

لە هەردوو جۆری شیعردا (کلاسیک و نوێ) دێڕی یا دوو دێڕی یەکەم، یا کۆپلەی یەکەم و دووەم دەستپێکی شیعرەکەیە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەک کلیلی دەق، ئەو پرۆسە ئاڵۆزەی کە لەپێش بوونیانەوە هەبووە لە توێژینەوەکاندا دەرناکەوێت، بەڵام بوونی ئێستای ناو دەق وەکوو دەستپێک و گرنگی و بایەخی لە سیستەمی دەقەکدا جێی سەرنجی زۆربەی توێژینەوەکانە. لەم توێژینەوەیەی ئێمەدا دەستپێکی شیعری لای (سالم) لە دیوە بینراوەکەیدا شیدەکرێتەوە بەمەبەستی دۆزینەوە وساغکردنەوەی دیوی شارەوەی کردەی داهێنان و سیماکانی داهێنانی شیعری لای (سالم).

دەستپێکی شیعری وەکوو چەمکێکی ئەدەبی و رەوانبێژی پێناسە دەکرێت و ئەرکی بۆ

)ی بۆ بەکار دەهێنن،opening line,firstlineدەستنیشانکراوە، لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا زاراوەی ( لە ئەدەبیاتی عەربیشدا بۆ دەستپێک(مطلع، استهلال، ابتداء)ی بۆ بەکار دێت، بۆ جوانی دەستپێکیش ( براعة المطلع، حسن الاستهلال، حسن الابتداء ) بەکاردێت، (المطلع) واتە(دەروازەی چامەیە، دەبێت لە رووی ماناوە زۆر تۆکمە بێت، مەبەست روون بکاتەوە، بارگاویی بێت بە هەست وسۆزێکی کاریگەر تاکوو لە یەکەم ساتەوە سەرنجی وەرگرەکان بۆ خۆی رابکێشێت) (دەبێت قسەکەر زۆر لێهاتوبێت:(٤)، هەروەها (الخطیب القزوینی) لە گرنگی دەستپێکدا، دەڵێ لە کاتی هەڵبژاردنی دەستپێکی قسەکردندا، تاکوو گوتەیەکی خۆشتر و توکمەتربێت لە رووی دارشتنەوە و واتایەکی روونتریش بدات، چونکە دەستپێک یەکەم شتە کە دەگاتە گوێ، بۆیە ئەگەر بە لێهاتووی دەستپێکرابێ ئەوە سەرنجی گوێگر رادەکێشێت و گوێگر درک بە هەمووی دەکات ولێی تێدەگات، بەپێچەوانەوە لێی دووردەکەوێتەوە و تەنانەت ئەگەر لە رووی فۆرمەوەش جوان بێت پشت گوێی دەخات).(٤)، واتە گرنگی (مطلع و ابتداء) لای عەرەبەکان لەوەدایە کە سەرتای گوتنە و رۆڵی کاریگەری لە سەرنج راکێشانی گوێگیر هەیە، ئەو هەنگاوەیە کە چارەنووسی شیعرەکە دیار دەکات، بۆیە زۆر بایەخی پێدەدەن و بە پێی جۆری دەستپێکی شیعرەکە ناوی جیاوازیان بۆ بەکار هێناوە لەوانە(النسیب، التشبیب، الغزل، التسهیم،المقدمە الطللیة،...هتد)، ئەم ناوانە بەگشتی بۆ ئەو دەستپێکی شیعرانە بەکاردێت، کە سەرەتاکەی وەسفی یار،شوێن، هاورێ وخزم وکەس وکارە، سۆزی غەریبیە،...وهتد.،واتە ئەوان بە پێی چۆنیەتی دەستپێکی شیعرەکە ناویان لە دەستپێکەکە ناوە و هەندێ جار ئەو دەستپێکە دەبێتە نازناوی شیعرەکە.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا (محمد صدیقی موفتیزادە) هەر لە ژێر کاریگەر ئەو دابەشکردن وناولێنانەی شیعری عەرەبی، باسی جۆرەکانی دەستپێکی کردووە، ئەو گوتوویەتی((ئەگەر پێشەکی قەصیدە بە پیا هەڵگوتنی بەهار وپایز و چلۆنایەتی سروشت و سکاڵا لە دەست میهری دلبەر دەست پێ بکرێ، بەو پێشەکییە ئەڵێن تەشبیب....،بەو هۆنراوە کە پێشەکی(تغزل) یان (تشبیب) بە مەبەستی ئەصلی قەصیدەوە پەیوەند ئەدا ئەڵێن (تخلص).......ئەو قەصیدەیەی هۆنەر لە سەرەتاوە دەست ئەکات بە هەڵدانی مەبەست، بەو جۆرە قصیدەیە ئەڵێن قصیدەی (محدود)......(ئەگەر پێشەکی شیعرەکە) باس لە دەربرینی سۆز و ساز و دەردی دڵداری و راز و نیازی نێوان دلبەر و دڵبراو بکا پێی ئەڵێن (تغزل)..)) (٥)، بە پێی ئەم دابەشکردنەی سەرەوە بێت، ئەگەر شیعرێک بە وەسف یان بە پێیاهەڵدان یان سکاڵاکردن دەستی پێ کردبێت و پێشەکییەکەی لە گەڵ بابەتی شیعرەکەدا گونجا بێت ئەوە (تخلص)ە، (سالم) لە چامەیەکدا کە بۆ مردنی (محمود ئاغای سەلیم ئاغای شێوەکەل) نووسیویەتی، لە دەست پێکدا، دەڵێ:

-لێم گەرێن با گریە کەم،دیدەم بە دیدی خوونفشان

نایێڵێ یەک دەم بەراحەت رابوێرم ئاسمان(٦)[2]

ئەم دێڕە (سالم) کردوویەتی بە دەستپێکی چامەیەکی (٤٥)دێڕی، (سالم) دەیەوێت بگری و سکاڵا دەکات لە دەست ئاسمان، چونکە ناهێڵێ پشوو بدات، گریان و سکاڵاکردن و نەمانی ئاسوودەی بەندە بە حاڵەتی مردنەوە، کە لە بنەڕەتدا پاڵنەری نووسینی دەقەکەیە، بۆیە ئەم دەستپێکە تەخلوصە، یاخود دەتوانین بڵێین هەر دەستپێکێک لە شیعر کە هاوتەریب بوو لە گەڵ پاڵنەری سەرەکی نووسینی دەقەکە ئەوە لە دێڕی یەکەمی شیعرەکدا دەردەکەوێ و جاران پێیان گوتووە تەخلوص، ئێستاش دەتوانین پێی بڵێین دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەری دەق.

هەروەها ئەگەر هەر دەستپێکێک لە شیعردا راستەوخۆ بێ پێشەکی مەبەستی شیعرەکەی ئاشکرا کرد ئەوە جاران پێیان گوتووە (محدود)، لە ئێستادا ئەتوانین پێی بڵێین دەست پێکی ئاشکرا، چونکە راستەوخۆ مەبەستەکە ئاشکرا دەکات، زیاتریش ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە بە پرسیار یان زانیارییەک دەست پێدەکن بۆنموونە(سالم)گوتوویەتی:

-دەک موبارەک بێ موکەڕەر، هەجووی سەنگ هەڵکەن دەکەم

بای شەماڵی هەجوی دێ، خەرمانی عومری شەن دەکەم(ب١-ل٤٨١)

(سالم) ئەم دێڕەی بۆ داشۆرینی (ئەحمەد ئاغای بەرد هەڵکەن) نووسیوە، هەر لە سەرتای شیعرەکەشدا ئەو زانیارەیە بە وەرگرەکانی دەدات و مەبەستی شیعرەکەش ئاشکرا دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێن ئەم شیعرە دەستپێکی ئاشکرایە، ئەم جۆرە دەستپێکە یارمەتی چالاک کردنی ئاسۆی پێشبینی وەرگر دەدات، چونکە مەبەستەکەی لا ئاشکرایە، ئینجا پێشبینی دەکات بۆ ناوەراست و کۆتایی دەق، ئەو پێشبینیەش هەندێک جار بە ئاڕاستە دەق دەڕوات و هەندێ جاری دیکەش پێچەوانەی ئاڕاستەی دەق دەبێت.

ئەو شیعرانەش کە جاران ناویان لێ دەنا (تەشبیب) و (تغزل)، دەکرێ لە بری ئەو ناوانە بڵێین دەست پێک بە سۆز، ئنجا سۆز، سۆزی دڵدار و سۆزی دلبەر وسۆزی گەڕانەوە بۆ رابردوو و سۆزی شوێن و...هتد.دەگرێتەوە، هەروەها دەستپێک بە وێنە بە کار بێنین، ئەویش هەموو ئەو شیعرانە بگرێتەوە کە بە لێکچواندن و وەسفکردن دەستیان پێ کردووە. بۆنموونە:

-دڵا ئازاری بێ یاری، موشەخخەص، دەردی کاریتە

بە حاڵی دڵ، دەسا ئەی دیدە!بگری؛گاهی زاریتە(٧)[3]

---

2 هەموو ئەو شیعرانەی سالم کە لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا هەیە ولە باسەکەدا بەکار هاتووە، لە هەمان سەرچاوەوە وەرگیراوە و لە کۆتایی دێرەکاندا بەم شێوازە (ب١-ل...)ئاماژەی بۆ کراوە.

3 هەموو ئەو شیعرانەی سالم کە لە بەرگی دووەمی دیوانەکەیدا هەیە و لە باسەکەدا بەکار هاتووە، لە هەمان سەرچاوەوە وەرگیراوە و لە کۆتایی دێرەکاندا بەم شێوازە (ب٢-ل...)ئاماژەی بۆ کراوە.

سۆزی یار و نەبوونی یار، دەروازەی ئەم شیعرەیە، بۆیە ئەم جۆرە دەستپێکە، بە دەستپێک بە سۆز ناو دەبەین، چونکە راستەوخۆ شاعیر هەستەکانی خۆی بەرامبەر دۆخێکی دیاری کراو باس دەکات. دەستپێک بە سۆز لەلای سالم، دەستپێکێکی زۆر باوە، جا ئەگەر سۆزەکە لە رێگای زانیاری، لێکچواندن، هەواڵێک، پرسیارێك، داخوازیەکەوە یان فلاش باکەوە دەربکەوێ، گرنگ ئەوەیە ئەم دەستپێکانە دەشێ بارگاویی بن بە سۆز، واتە؛ دەستپێک بە سۆز: ئەو سەرەتایەیە کە شاعیر تێیدا بە تەوژمی هەستەکانی و هەلڕشتنی خەم وئازارەکانی رێگە خۆش دەکات بۆ دەربڕینەکانی ناوەڕاست وکۆتایی دەقەکە.

دەستپێک بە وێنەش ئەو دەستپێکانەی شیعر دەگرێتەوە، کە شاعیر لە رێگای هونەرەکانی رەوانبێژی و وەسفەوە وەرگر پەلکێشی وێناکردن(تصور) دەکات، وێناکردنی ئەو وێنانەی کە شاعیر لە دەستپێکی شیعرەکەدا دایناون، ئەم جۆرە دەستپێکە چالاکی و توانا فۆتۆگۆافیەکانی مێشکی نووسەر بەرجەستە دەکات و لە هەمان کاتدا توانای شیکردنەوەی مێشکی وەرگر بەهێز دەکات، بۆ نموونە سالم لە دەستپکی شیعرێکدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستپێدەکات؛

-زەورقە دڵ، دیدەیە دەریا و مەردوم ناوخودا

جۆشی خاطر وەک شەپۆل و غەم نەهەنگ، لەنگەر جەفا(ب١-ل١٩)

(سالم) دڵی لەناو دەریای چاودا دەکەوێتە بەر شەپۆلی هەڵچوونەکانی دەروون و خەمیش قووتیدەدات و لە نگەریشی کەناری جەفایە، ئەمە هەمووی لە بەردەم بیلبیلەی چاوی سالمدا روودەدات و ئەویش بێ دەسەڵاتە هەر وەک ئەو کەشتیوانەی کە لە دەریادا و لەبەر چاویدا کەشتێکەی شەپۆل دەیبات و نەهەنگیش لە دەوروبەریدایە و ناتوانێ لەنگەریش بگرێ، چونکە کەنارەکە مەترسیدارە. ئەم دەستپێکەی سالم نیشاندان و بەراوردکردنی دوو وێنە دەخاتە بەر تەوژمی چاوەڕوانی وەرگر، بۆیە هەر لە سەرەتای دەقەوە فەزای وێناکردن چالاک دەبێت.

ئەشێ کەسێک بڵێت خۆ ئەم جۆرە دەربڕینەش هەر پاڵنەرەکەی سۆزە، ئیتر بۆ بە دەستپێک بە سۆز نەیژمێرین؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: هەموو شیعرێک بەشێک لە پاڵنەری دروستبوونی سۆزە( سۆزی راستە قینە یان دروستکراو)، بەڵام ئەوەی وا دەکات جیایان بکەینەوە جۆر و شێوازی دەربڕینەکەیە، لە دەستپێک بە وێنەدا سەرەتا گەڕان بە دوای بەستنەوەی توخمەکانی وێنەکە مێشکی وەرگر چالاک دەکات و دوای دروستبوونی وێنەکە، ئینجا کاریگەری سۆزەکە و مانەوەی یان نەمانی لە هزر و دەروونا ئاشکرا دەبێت، واتە لێرەدا وێنەکە جۆر و بەهای سۆزەکە و توانای داهێنانی نووسەرەکە دەنرخێنێ، بۆیە ئەم جۆرە دەستپێکە جیا دەکەینەوە و بە سەربەخۆیی ناوی لێدەنین دەستپێک بە وێنە، دەستپێک بە وێنە؛ ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە سەرەتاکەی بە وەسف، بە

لێکچواندن یان بە هەر هونەرێکی رەوانبێژی دەست پێ دەکات، کە وێنەیەک یان چەند وێنەیەک نیشاندەدات. سەلیقەی هونەری نووسەر و وەرگر ئاشکرا دەکات.

لە هونەری رەوانبێژیدا، باسی جوانی دەستپێک دەکرێ و بەپێ ئەو جوانییە دەیکەن بە دوو جۆر، دەستپێکی جوان(حسن الاستهلال — حسن الابتداء)و دەستپێکی دڵگیر(براعه الاستهلال- براعه المقطع)،دەستپێکی جوان((ئەوەیە کە شاعیر سەرەتای هۆنراوەکەی پێ جوان بکات، ئەمەش دیارە بەوە دەبێت:وشەکانی سەرەتای گوتە شیرین بن، سەبکەکە جوان بێ، واتاکەی تەواو بێت، بەڵام ئەمە دەبێ بەو مەرجە بێت، ئەم دێڕە لە خۆیدا چ ئاماژەیەکی هەڵنەگرتبێت، کە ئایە لە پاش خۆی هۆنراوەکە باسی چی دەکات))(٨)، واتا دەستپێکی جوان پێچەوانەی دەستپێکی ئاشکرا(محدود) و دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر(تخلص)ە، چونکە ئەم دەستپێکانە دەبێت راستەوخۆ مەبەستی شیعرەکە ئاشکرا بکەن، یانیش رێگە خۆشکەربن بۆ مەبەستەکە و پێوەستبن پێوەی. بەڵام دەکرێ هەندێک لە (دەستپێک بە سۆز)و(دەستپێک بە وێنە) بە دەستپێکی جوان بژمێردرێن، چونکە پێشەکییان تێدایە و راستەوخۆ مەبەست ئاشکرا ناکەن، بۆنموونە:

-لەبەر تەعمیری ئەم وێرانە،جەننەت موڵکی ئادەم بوو

حەقیقەت پادشاهی کرد،وەلێکن موددەتێکی کەم بوو(ب١-ل٦٣٧)

ئەم دێڕەی (سالم) لە سەرەتای شیعرێکی شەش دێڕیدا دانراوە، وشەکانی جوانن، تەواون، واتاکەی روونە، باسی حەقیقەتێک لە بارەی حەزرەتی(ئادەم)دەکات، پێویستی بە هیچ تەواوکارییەک نییە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ئەو دێڕانەی لە دوای خۆی دێن، دێڕەکانی دوای ئەم دەستپێکە باسی خودی شاعیر دەکات، بۆیە ئەم دەستپیکە ئەتوانین بە دەستپێکی جوان هەژماری بکەین، کە شاعیر هەڵیبژاردووە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی هەڵرشتنی خەمەکانی.

لە دەستپێکی دڵگیردا دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە دەستپێکی دڵگیر((ئەوەیە کە دێڕەکە لەگەڵ مەبەست بگونجێ و هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ بابەتەکەی دوای خۆی بکات))(٩)؛ واتە ئەم جۆرە دەستپێکە، دەستپێکی ئاشکرا(محدود)و دەستپێکی هاوتەریبی پالنەڕ (تخلص) و دەستپێک بە سۆز و هەندێک دەستپێک بە وێنەش دەگرێتەوە، بۆنموونە؛

-شۆرەزاری خاکی (رەی)ئەمجارە دامەنگیرمە

روو لە هەر وادی دەکەم خاری وەک زنجیرمە(ب٢-ل٧٩٩)

ئەم دیڕە دەستپێکی شیعرە و هەر لە سەرەتاوە شاعیر ئاماژە بۆ ناوی(رەی )دەکات، وەرگر راستەوخۆ هەست بە ناخۆشیەکانی بەندبوونی (سالم)لەو خاکە دەکات، لە هەمان کاتیشدا دێڕەکە رێگا خۆش دەکات بۆ ئەو دێڕانەی لە دوای خۆیەوە دێن، بۆیە دەبینین لە دێڕی دووەمدا

گوتوویەتی؛

-ئیبتدا بۆ (رەی) کە هاتم،فیکری عەقڵێم لێ نەکرد

حبسی تارانم گوناهی کاری بێ تدبیرمە(ب٢-ل٧٩٩)

لە دێڕی دووەمدا (سالم) خەریکی سەرزەنشت کردنی خۆیەتی بە هۆی هاتنی بۆ (رەی)، واتە شاعیر هەر لە هەمان بازنەی دێڕی یەکەمدا بەردەوامە و دێڕی یەکەم مەبەست رووندەکاتەوە و رێگا خۆش دەکات بۆ دێڕی دووەم، بۆیە دەستپێکی ئەم شیعرە بە دەستپێکی دڵگیر دادەنێین.

بە پێی ئەوەی تێبینیمان کرد زۆربەی ئەو شیعرانەی (سالم) کە بۆ بۆنەیەکی تایبەتی یان بۆ هەجووکردن، گێڕانەوە، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری گوتراوە، دەستپێکی دڵگیریان هەیە.وەک؛

-میرزا وەرە لێم لادە دەستی من و دامانت

ئەیمەن مەبە لێم نەک بێم یەک دەفعە بە مەیدانت(ب١-٢١٥)

بەپێ زانیارییەکانی ناو دیوانەکەی (سالم)بێت، ئەم شیعرە بۆ (میرزا سلێمانی زیندەرووم)نووسراوە، وەک دەبینین هەر لە سەرەتاوە دێڕی یەکەم مەبەستەکە ئاشکرا دەکات و پردی پێوەندی بۆ دێڕەکانی دوای خۆی دروست دەکات.(سالم)(میرزا) ئاگەدار دەکاتەوە لە ئەگەری هەجوو کردنی و ئینجا دەست پێدەکات، بۆیە لەم شیعرەشدا دەسپێکێکی دڵگێر هەیە.

لە نموونەیەکی دیکەدا؛

-تیروەش دەی مەه گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە

بولبولی بێ دڵ، لەدەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە

ساختەگیری کرد، ئەگەر سەرما، وەکوو ئەفراسیاب

بادی نەورۆزی بە میثلی پووری دەستان هاتەوە(ب٢-ل٨٣٠)

ئەم دێڕانە دەستپێکی چامەیەکن بە پێی زانیارییەکانی ناو دیوانەکە بێت، گوایە(سالم) بەبۆنەی هاتنەوەی (عەبدوڵڵا پاشای بابان لە قوستەنتینییەوە)گوتوویەتی، کە دەستپێکی شیعرەکە دەخوێنینەوە راستەوخۆ هیچ مەبەستێکی ئاشکرا نابینرێت، بەڵام لە رێگای دەربڕینی (هاتەوە) وەرگر ئامادەباشی گەڕانەوە دەکرێت و لە دێڕەکانی دواتردا کەسی گەڕاوە ئاشکرا دەبێت، ئەم جۆرە دەستپێکەش هەر بە دەستپێکی دڵگیر هەژمار دەکرێ، چونکە لە دەستپێکی دڵگیردا شاعیر راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ رێگە بۆ گەڵاڵە بوونی بیرۆکە و مەبەستی شیعرەکە خۆش دەکات، لەم چامەیدا (سالم) بە ناراستەوخۆ ئەم کارە دەکات، بۆیە دەستپێکی چامەکە (دەستپێکی دڵگیرە). هەروەها دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەری دەقە.

لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوەییەی سەروە دەکرێت بڵێن، دەستپێک؛بریتییە لە توانا و سەلیقەی هونەری و ئەندێشەیی و هزری شاعیر لە دامەزراندن و خستنە رووی بیرۆکە و هەیکەلی دەق، کە دواجار سەرنجی وەرگر پەلکێشی ناو فەزای دەق دەکات. جوانی دەستپێکیش؛ رادەی سەرکەوتنی شاعیر لە خستنەروو و دامەزراندی بیرۆکە و قاڵبی دەقەکەش دەنرخێنێ.

هەروەها بەپێی دوور و نزیکی دەستپێک لە مەبەست و پاڵنەری دەقەوە و چۆنیەتی کردنەوەی فەزای دەق، دەکرێ ئەم جۆرانەی دەستپێک بۆ شیعر جیابکەینەوە(دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر، دەستپێکی ئاشکرا، دەستپێک بە سۆز، دەستپێک بە وێنە). لەشیعرە کوردیەکانی (سالم) یش،دەستپێکی دڵگیر ودەستپێکی جوان دەبینرێت و بەپێی پێوەست بوونی دەستپێکیش بە مەبەستی شیعرەوە لای (سالم) بەم شێوەیە لە زۆرەوە بۆ کەم دەستپێکەکان ریزبەند دەبن(دەستپێکی سۆز، دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر، دەستپێکی ئاشکرا، دەستپێکی وێنە).

تەوەری دووەم

شێوازەکانی دارِشتنی دەستپێک لە شیعرە کوردییەکانی (سالم)دا

هونەرەکانی دارِشتن و دەسەڵاتی شاعیر لە هەمەجۆرکردنیان شێوازی شاعیرەکە دیار دەکەن. دەستپێکی شیعریش قورسای بەرجەستەبوون و پیشاندانی شێوازی شاعیری دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە تێرامان لە چۆنیەتی دروست بوونی دەستپێک هەنگاونانە بۆ دروست بوونی بیرۆکەیەکی تەواو لەبارەی شێوازی نووسەرەوە. یەکێک لە رێگاکانی دەستنیشان کردنی شێوازیش ئامارە، چونکە (رەهەندی ئاماری لە زانستی شێوازگەریدا، پێوانەیکەی بابەتی و سەرەکییە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازە جیاوازەکان و جیاکردنەوەیان)(١٠)، لەبەر سودی ئەم رەهەندە لەم توێژینەوەیدا ئاماری دارشتنە لێکچووەکانی دەستپێکی شیعری سالم کراوە، مەبەستیش لەم کارە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە تاکە کەسییەکانی دەستپێکی شیعری(سالم)ە، ئامارکردن(تەنها بەهایەکی ژمارەیی دەخاتە بەردەستی توێژەر، دەبێ توێژەر ئەو تایبەتمەندی و سیفاتە باشانە دەستنیشان بکات بۆ دامەزراندنی پێوانەی چەندی، تاکوو هەندێک ژمارەی دەست کەوێت سوودی بۆ شیکردنەوە بابەتییەکەی هەبێت)(١١)، لای (سالم) ئاماری هونەرەکانی دارشتن کراوەتە بنەمای پێوانە چەندییەکە. هەر لەسەر بنەمای ئەو داتایانەش شیکردنەوە ئەنجام دراوە.

خستنە رووی داتاکان

کۆی شیعرە کوردییەکانی ناو دیوانەکەی (سالم) بێ هەژمار کردنی چوارین و تاک بەیت و دەقێکی هجووی ناتەواو (٣٧١)دەقە.

- دەستپێک بە راگەیاندن (١٤٩)دەق.
- دەستپێک بە وەصف و لێکچواندن(٥٦)دەق.
- دەستپێکی مەرجدار یان گوماناوی (٣٨)دەق.
- دەستپێک بە گێڕانەوە و گفتو گۆ (٣٦)دەق.
- دەستپێکی داخوازی (٣٤)دەق.
- دەستپێکی پرسیاری (٢٣)دەق.
- دەستپێکی نەریَ کردن(١٨)دەق.
- دەستپێک بە فلاش باک وگەڕانەوە بۆ رابردوو(٧)دەق.
- دەستپێکی پەشیمانی وشکات و حەسرەت هەڵکێشان.(٦)دەق.
- دەستپێک بەسوێند (٤)دەق.

لە شیعردا زۆر جار لەنێوان رستەی هەواڵی و ڕستەی داڕشتندا تێکەڵبوون هەیە، خۆی لەبنەڕەتدا رستەی هەواڵی((ئەو رستەیەیە، کە هەواڵێکی لە خۆ گرتووە، ناوخنەکەی هەواڵدانە لە بارەی شتێکەوە، بە باش، یان بە خراپ..مەبەست لێی راگەیاندنە بەوەی ئەو حوکمەی لە خۆی گرتووە لە دەروەی دەربڕینە وشەییەکان واقیعێکی هەیە و رێکە لە گەڵی))(١٢).واتا لە رستەی هەواڵیدا زانیاریەکی دیاریکراو بە کات و شوین و شتێکی دیاریکراودا هەیە و رادەگەیەنرێت. ئەم شێوازە دەربڕینە لە شیعرەکانی سالمدا هەیە.

رستەی دارشتنیش((ئەو ڕستەیەیە، کە چ هەواڵێکی لە خۆ نەگرتووە، بەڵکوو بۆ ئەوە دانراوە شتێک داوا بکات))(١٣)،ئەم جۆرە رستەیەش لە دەستپێکی شیعرەکانی سالمدا زۆرە، بەڵام((زۆر جار وادەبێ هەر یەکە لە خەبەر و داڕشتن لە مانای دروستی خۆیان دەردەچن و لەباتی یەکتر بەکار دێن و مەبەستی یەکتر دەگەیەنن))(١٤)، ئەم تێکەڵبوونەش لای (سالم) بوونی هەیە، لە بەر ئەوە ئەم داتایانەی سەرەوە بە پێی خاڵی ورووژاندن دەستنیشان کراوە، واتە لە دێڕی یەکەم یاخود لە دێڕی یەکەم و دووەمی دەستپێکدا چ شتێک قورسای بونیادی دەقەکە بەرجەستە دەکا (پرسیار، هواڵ و راگەیاندنی زانیاری، گێڕانەوە ...هتد) کراوەتە بناغەی جیاکارییەکە. بایەخ بە تێکەڵ بوون و پێکهاتەی زمانی رستە کە، هێندەی بایەخدان بە مەبەستی رستەکان و ئامانجی رستەکانی دەستپێک نەدراوە .

١-دەستپێک بە راگەیاندن.

مەبەست لە دەستپێک بە راگەیاندن خستنەرووی زانیاری و هەواڵە، ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە

شاعیر لە سەرتای شیعرەکەوە لە ڕێگەی پێدانی زانیارییەک یان هەواڵێکەوە بناغەی بونیادی هزری دەقەکە دادەنێت، ئینجا دەشێ زانیاری و هەواڵەکە دروست بێت یان نا دروست(خوازەیی)، ڕاستەقینە بێت یان ناراستەقینە، سەرچاوەی زانیاری وهەواڵەکانیش هەمەجۆرە.

لە دەستپێک بە خستنەرووی هواڵ وزانیاری تەنها ئەو دەقانەی کە ڕاستەوخۆ زانیاریەک یان هەواڵێک ئاشکرا دەکەن هەژمار کراوە، هەواڵ و زانیاری مەرجدارو نەرێ کردن و....هتد لێ جیاکراوەتەوە، چونکە هەر یەکێک لەو شێوازانە کاریگەری سەربەخۆی هەیە لە بونیادی دەستپێکی شیعردا.

(١٤٩)شیعری (سالم) بە ڕاگەیاندنی هەواڵ و بەخشینی زانیاری لەبارەی شتێکەوە دەست پێ دەکات، واتە؛ شاعیر ئەو تەوژمەی کە لەدەروون وهزریدا هەیە و هۆکارەکەی ئەو زانیارییەیە لە دەستپێکدا دەیخاتە ڕوو و بارە قورسەکەی سووک دەکات و ڕێگە بۆ دروست بوونی دەربڕینەکانی دیکە دەکاتەوە.

لەم جۆرە دەقانەدا تەوژمی داهێنانی شاعیر وەک ئەو ئاوەیە، کە بەری گیراوە و فشاری ئاوەکە بەربەستەکە دەشکێنێ و دواتر لەسەر خۆ و بەهێمنی ئاوەکە شوێنی خۆی دەکاتەوە و بە ڕێگای خۆیدا دەچێت. لە دەستپێک بە ڕاگەیاندندا تەوژمە شیعرییەکە بە پێدانی هەواڵ وزانیاریەکە بەربەستەکە دەشکێنێت، بێگومان هەر شێوازێکیش مەبەستێکی لە پشتەوەیە لەوانە:

ا-مەبەست لە دەستپێک بە ڕاگەیاندنی هەواڵ و زانیاری، بەتاڵکردنەوەی ناخە و خۆ ڕزگار کردن لە سترێس و دابەش کردنی خەمەکانە لە گەڵ وەرگر و کەسی بۆ ئارستەکراودا، بۆنموونە؛

- وێردی زوبان و فیکری دڵ، شەرحی فیراقە سەربەسەر

هەڵدەقوڵێ لە عەینی چاو، خوێنی جگەر شەمەر شەمەر(ب١-ل٣٤٤)

ئەم دێڕە دەستپێکی شیعرێکی شەش دێڕییە، شاعیر هەر لە سەرتاوە بە باس کردن وپێدانی زانیاری لە بارەی دۆخی تایبەتی خۆیەوە، کە لە ئەنجامی دابڕانەوە تووشی بووە دەست پێ دەکات . دواتر کە خۆی ڕزگار کرد لە ڕاگەیاندنی دۆخی خۆی و هەنگاوی یەکەمی نا، ئینجا پێنج دێڕەکەی دواتر بە هەمان ئەو جۆگەیدا دێنە خوارەوە کە دێڕی یەکەم دروستی کرد.

لە نموونەیەکی دیکەدا هاتووە؛

-هەڵپژا خوێن بە جگەرما دەمی غەمزەت لە ضەمیر

هاتە جونبوش کە بە ئاهم لە دەروونا، پەڕی تیر(ب١-ل٣٥٨)

هەواڵی هەڵپژانی خوێنی جەرگی بە سەببکارەکەی ڕادەگەیەنێ، مەبەستیش لێی هۆشیار کردنەوەی کەسی دووەمە لە دۆخیی ئێستای شاعیر و ئاشکرا کردنی ئازارەکانیەتی. بۆیە شاعیر

لە دەست پێکدا پەنا دەباتە بەر ڕاگەیاندنی هەواڵ.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاوم بوو بە یەم

بۆ منی بێ کەس مزەی نابێ، بە غەیرەز دەردو غەم(ب١-ل٤٨٦)

لێرەدا شاعیر بە ڕاگەیاندنی زانیاری لە بارەی دۆخی بوونی دڵی بەئاش و فرمێسکی بەیەم دەست پێدەکات، لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، بەڵام دۆخی لێکچواندنەکە بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی بوونی دڵ بە ئاش بەکار هاتووە، نەک لە پێناوی جوان نیشاندانی لێکچواندنەکە، مەبەستیش لە ڕاگەیاندنەکە ئاشکرا کردنی دۆخی دەروونی شاعیرە.

لەنموونەیەکی دیکەدا:

-لە سینەمدا سەدای ناڵینە بێ تۆ

دڵی زارم بەسێ غەمگینە بێ تۆ (ب٢-ل٧٢٧)

هەروەها:

-لە وادیی فیرقەتا ڕۆژم وەکوو زولفت شەوی تارە

بە یادی چاوی بیمارت، دڵم دایم بریندارە(ب٢-ل٧٥١)

هەر دوو نموونەکەی سەرەوە، دەستپێکن بە ڕاگەیاندنی هەواڵێک لە بارەی دۆخی شاعیرەوە و ئاراستەی کەسی دووەمی تاک کراوە، واتا هەست وسۆزی پەنگ خواردووی نووسەر لە ئەنجامی دابڕاندا لە هەردوو دەستپێکدا پاڵنەری ڕاگەیاندنی هەواڵەکانن.

لە توێژینەوەکەدا تێبینی کرا لە شیعرە (لیریکی – ویژدانییەکانی) (سالم)دا لە دەستپێکدا بە ڕاگەیاندنی هەواڵ و زانیاری دەست پێ دەکرێ، ئەرکی ((شاعیری لیریک دەربڕینی ئازار و ئاواتی مرۆڤە، لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە، بۆیە جۆرە زمانێکی چڕ و ئامێرێکی دەربڕینی هەست و نەست بزوێنی پێویستە))(١٥)، یەکەم هەنگاوی گەیاندنی ئەو هەستەش لە ڕێگەی هەواڵ و پێدانی زانیارییەوە بونیاد دەنرێ.

هەروەها زۆربەی ئەو شیعرانەی سالم کە دەستپێکەکەی ڕاگەیاندنە و مەبەستیش لێی دەربڕینی هەستی ناوەوەی نووسەرە، (دەستپێکی دڵگیر)ە، چونکە دێڕی دەست پێک پەیوەستە بەو دەربڕینانەی کە لە دوای خۆیەوە دێت.هەروەها دەستپێکە بە سۆز.

ب-مەبەست لە دەستپێک بە ڕاگەیاندن تەنها پێدانی هەواڵە

لە هەندێک دۆخدا شاعیر کە هەواڵێک رادەگەیەنێ،(ئەگەر مەبەست لە هەواڵەکە، تەنها راگەیاندنی هەواڵەکە بێ هیچ جەختکردنەوەیەک)(١٦)، ئەوە لەو دۆخەدا زانیاریەکە دەخرێتە روو بێ هیچ ئامانجێک یان ئاراستەیەکی راستەوخۆی هەست پێکراو، ئەگەر بۆ ئاراستەکراویش هەبێت، ئەوە تەنها لە لایەن شاعیرەوە زانیاریەکەی بۆ نێردراوە و هیچ دەسەکەوتێکی واقیعی نابێت، بۆنموونە؛

-ربنا ساکینی کۆتن، چ غولام و چ ئەمیر

وەکوو یەک ئەهلی نیازن چ، غەنی و چ فەقیر(ب١-٣٥٥)

هەروەها

-عەبدی تۆن، باری خودایا،چ غولام وچ نەدیم

ئیحتیاجن بە وەضیفەت،چ گەداو چ نەدعیم(ب١-ل٤٨٩)

لە هەردوو نموونەدا ئەو کەسەی کە هەواڵەکەی بۆ ئاڕاستە کراوە(خودا)یە، خوداش خۆی (عالم الغیب)ە، هەموو شتێک دەزانێ، بۆیە پێدانی هەواڵی (وەستانی غولام وئەمیر و غەنی وفەقیر) لە دەرگای خودا و (عەبدی تۆن و ئیحتیاجن بە وەضیفەت)، تەنها خستنە رووی هەواڵ و زانیاریە، چونکە کەسی بۆ ئارستەکروا خۆی دەیزانێ، بۆ وەرگریش تەنها وەبیرهێنانەوەیە. بەڵام لای شاعر ئەو دەستپێکە خۆ ئامادەکردنە بۆ چوونە قولایی دۆخێکی دەروونی و رووحی پەیوەست بە موناجاتەوە. بۆیە مەبەست لە گەیاندنی هەواڵەکان دوعاکردن وپاڕانەوەیە.

لەنموونەیەکی دیکەدا:

-حاڵەتی عاشق گەلێ ئەوقاتی دڵگیری هەیە

صوبح دەم بۆ ئەهلی دڵ، ئەنواعی تە ئثیری هەیە(ب٢-ل٨٦٥)

لەم دەستپێکدا شاعیر تەنها زانیار و هەواڵی دۆخی عاشقان دەخاتە روو، مەبەست لێی روونکردنەوەی ئەو دۆخەیە، بۆیە لە دێڕی یەکەمدا هیچ داواکاریەک یان ئەنجامێک بۆ هەواڵەکە نییە.

لە لێکدانەوەی ئەم دێڕەدا (کۆمەڵەی مودەررس) وای بۆ دەچێ کە ((حاڵ و باری عاشق زۆر کاتی مایەی دڵگیراوی و نارەحەتی هەیە، وەک ئەوەی کە دەمی دڵداران-لەوانە دڵی عاشقان-ساغە و نزیکە لە رووناکی خێر و بەرەکەت کە لە بەیانیدا هەیە....هتد))(١٧)،بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە، ئێمە پێمان وایە، لە پیشاندانی دۆخی عاشقدا شاعیر دەڵێ: بارودۆخی عاشق هەندێک کاتی دڵگیر و خۆشی هەیە، لەو کاتانەش دەمەو بەیانە(صبح دەم)، چونکە دەمەو بەیان کاریگەری زۆرە لەوانە؛ نەمانی تاریکی و دەرکەوتنی رووناکی کە بۆ عاشقی حەقیقی مایەی نەمانی گومانە و نزیک بوونەوەیە لە خودا، بۆ عاشقی مەجازیش کە شەو تەواو دەبێت، ئازارەکانی

تەواو دەبێت، چونکە عاشق لە شەو دا ئازارەکانی زیاتر دەبێت، بە بەڵگەی ئەو هەموو شیعرەی کە لەلایەن شاعیرانەوە لە فەزای شەودا بەرجەستە کراوە، هەروەها یەکێک لە کاریگەریەکانی دەمەوبەیان بۆ دۆخی عاشق لە دێڕی دووەمدا شاعیر دەیخاتە روو:

-ضەربی سوجدەی ئاستانەت باز رەواجی دا بەرووم

خاکی دەرگات بۆ جەبینم حوکمی ئیکسیری هەیە(ب٢-٨٦٥)

لەم دێڕەشدا ئاراستەی گوتاری شاعیر بەرەو ئەو زاتەیە کە سوجدەی بۆ دەبردرێ، خوداش خۆی ئاگای لە نوێژ کردن و دڵ و دەروونی هەمووان هەیە، بۆیە لێرەدا پێدانی هەواڵەکە هەر تەنها خستنەرووی زانیاریەکەیە لە نێوان خودی شاعیر و خودا.

ج- پێدانی هەواڵ بە مەبەستی داواکاری و نیشاندانی هۆکارەکەی

هەندێک جار مەبەست لە راگەیاندنی هەوال وزانیاری، داواکردنی شتێکە یان گومانە لە بارەی شتێکەوە، یاخود پیشاندانی هۆکارەکەیەتی، بۆیە زۆرجار(ئەگەر مەبەست لە هەواڵەکە داواکاری بوو و ئەگەری رەتکردنەوەی هەبوو، ئەوە پێویست دەکات هۆکارەکەشی تێدابێت)(١٨)، لەم جۆرە راگەیاندنە لای (سالم) زۆرە، بۆنموونە؛

-دلا ئازاری بێ یاری، موشەخخەص دەردی کاریتە

بە حاڵی دڵ، دەسا، ئەی دیدە!بگری:گاهی زاریتە(ب٢-ل٧٤٩)

لەم دەستپێکەدا گوتاری دەق لە لەتی یەکەمدا ئاراستەی دڵی شاعیر کراوە و مەبەست لێی راگەیاندنی زانیارییە، ئاشکرا کردنی هۆکاری دەردی دڵکەیە، لە لەتی دووەمیشدا شاعیر داخوازی لە چاو دەکات تاکوو بۆ حالی دڵ بگری، راگەیاندنی زانیاری و داخوازییەکەش هەمووی لە ناو چوارچێوە و فەزای خودی شاعیردایە، شاعیر خۆی راگەیاندکارە و وەرگرە و داخوازی دەکات و جێبەجێکاریشە.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-تابی کوا ئاینە رووی تۆ بێتە ناو

گەر لە سەنگ بێ، یەک نیگەهـ دەیکەی بە ئاو(ب١-ل٦١٥)

لەم دەستپێکەدا زانیاری لە بارەی بێ هێزی ئاوێنە لە بەرامبەر روخساری (یار)دا دراوە، گومان لە روودانی هەواڵەکە هەیە، چونکە نیگای (یار) هێندە بەتینە، ئاوێنکە ئەگەر بەردیش بێت دەیکات بەئاو، بۆیە رووی یار نایەتە ناو ئاوێنەکە. یەکێک لە پاردۆکسەکانی ئەم وێنەیە بوونی بەردە بە ئاو، بێگومان شاعیر بەهێزی بەرد و شلی ئاوی بەکارهێناوە، بۆ دروست کردنی وێنەکەی،

بەڵام ئەوەی شاعیر لێی بێ ئاگایە یان بە مەبەست کردویەتی، ئەگەری بوونی بەردە بە ئاو ، چونکە دەشێ لە ناو ئاوی وەستاودا مرۆڤ وێنەی خۆی ببینێت، ئەمەش پێچەوانەی ویستی شاعیرەکەیە.

لە دەستپێکی نموونەیەکی شیعری دیکەدا:

-من وبادی سەحەر یاران، عەجایب بێ قەرارێکین

بەسەرگەردانییا هەردوو، دەڵێی مەشغووڵی کارێکین(ب١-ل٦٠٦)

شاعیر زانیاری لە بارەی خودی خۆی وبادی سەحەر دەدات، لێرەدا هەواڵەکە بارگاوییە بە گومان، چونکە بە رەهایی پێمان نالێ سەرقاڵن یان نا و سەرقاڵی چین، بەڵکوو تەنها هەواڵەکە رادەگەیەنێ بێ دانانی مەرج وبێ هیچ داواکاریەک، تەنها لە لەتی یەکەمدا هەواڵێک رادەگەیەنێ و لە لەتی دووەمیشدا لە وڵامدانەوەی هەواڵەکەدا گومان دروست دەکات. شاعیر کاتێک کە پێویستی بەوە بوو، دۆخی خۆی بە دۆخێ شتێکی دیکە بچوێنێ و ببەستێتەوە، ئەوە لە دەستپێکدا بە راگەیاندنی هەواڵ وزانیاری لە بارەی هەردووکیانەوە دەست پێ دەکات.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-لە طەرف یارەوە نۆبەی نەظەرە

ئەی دڵ ئامادە بە خوێنت هەدەرە(ب٢-ل٧٦٥)

لەم دەستپێکەشدا شاعیر بە راگەیاندنی هەواڵێک دەست پێدەکات و هۆکارەکەی دەخاتە روو، واتە هەواڵی ساتەوەختی (نەزەری یار) هاتووە رادەگەیەنێ، کە هۆکاری خوێن هەدەربوونی دڵەکەشە، واتە؛ کاتێک شاعیر دڵنیایە و دەزانێ کە دۆخێکی بەسەردا دێت، پەنا دەباتە بەر دەستپێکی راگەیاندن.

هەروەها لە دەستپێکی شیعرێکی تردا:

- دەنگی دەق والباب دڵ دێ، ئەی خیرد،دا ڕاکە،دەی

کەس نەزانێ بێ، خەیاڵی یارە گەر، دەر وا کە دەی(ب٢-ل٩٣٢)

شاعیر هەواڵی لێدانی دەرگاری دڵ رادەگەیەنێ، ئەگەرچی هەواڵەکە مەجازییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ رووداوێک، رووداوەکە بریتییە لە یادکردنەوەی (یار)، خەیاڵی (یار) هاتۆتەوە و شاعیر داوا لە هۆش و ئاگایی خۆی دەکات، بچن و لە ترسی رەقیب بە دزییەوە دەرگای لێ بکەنەوە، لەم دەستپێکەدا هەواڵەکە راگەیەنراوە و ئەنجام وهۆکارەکەشی باس کراوە، بەڵام هەموو ئەم رووداو و هەواڵانە تەنها لە فەزای خەیاڵی شاعیر بوونیان هەیە.

بەگشتی لە ئەزموونی شیعری سالمدا پاڵنەری سەرەکی شیعرەکانی دەربڕینی سۆز بووە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی هەستەکەنیانەوە، بۆیە دەبین زۆرترین ژمارەی شیعرەکانی ئەم جۆرە دەستپێکەیان هەیە، زۆربەشیان دەستپێکی دڵگیرن، هەروها دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر و دەستپێکی ئاشکرا لە ناویان زۆرترە، وەک لە دەستپێک بە وێنە و دەستپێکی جوان.

٢- دەستپێک بە وەسف ولێکچواندن

یەکێک لە هونەرەکانی دەستپێکردنی شیعر وەسف کردن و لێکچواندنە، (سالم)لە (٥٦)دەقدا، بەم شێوازە دەستی بە شیعرەکانی کردووە، بێگومان (دەستپێک رستەی یەکەمە و پردی نێوان قسە نەکردن و گوتنە، دەستپێک گوتنە و ڕێگە خۆشکەری گوتنیشە، لەنێوان گوتن وگوتنیشدا نهێنێکانی چامە شاردراوەتەوە) (١٩)،بۆیە کە شاعیر پەنا دەباتە بەر دەستپێکێکی دیاری کراو بێگومان پاڵنەر وهۆکارێکی تایبەتی هەیە.

زۆر جار کە مرۆڤ جوانی، ناشرینی، گەورەیی، بچووکی، بەهێزی بێ هێزی، خراپی وباشی شتێک سەرنجی رادەکێشێ، هەوڵدەدات وەسفی بکات، بۆیە لە هەوڵی دۆزینەوەی کەرەسەی زمانیدا دەبێت، بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی، یەکێک لە شێوازەکانی وەسفکردن، کە لە لای (سالم)یش زۆر بوونی هەیە، دروست کردنی وێنەیە لە ڕێگای لێکچواندنەوە، لێکچواندن((بەستن و پەیداکردنی وێچوونێکە لە نێوان دوو شتا، بە هۆی هاوبەش بوونیان لە یەک سیفەتا یا زیاتر بۆ مەبەستێک یان چەند مەبەستێکی دیار))(٢٠)، ئینجا ئەگەر لە دەستپێکدا شاعیر پەنای بۆ دروست کردنی پێوەندی و سیفەتی هاوەبەشی نێوان شتەکان بردبێت، ئەوە پاڵنەری نووسینی شیعرەکە، سەرسام بوون بە باشی و خراپی شتە باسکراوەکەیە، بۆنموونە؛

-لەطیف و سەرو قەد و گوڵ جەبینی

حەریف و دڵفریب و دڵنشینی(ب٢-ل٩٢٦)

هەروەها

-غەبغەب و خاڵ وتوڕڕەیی یار

سونبول و سێب و بەنەفشەو گوڵنار(ب١-ل٣٠٦)

هەروەها

--موژگان وئەبرۆی تۆ: ئەم تیرەو ئەو کەمانە

سینەو دڵی فگارم:ئەم صەیدە، ئەو نیشانە(ب٢-ل٨١٢)

هەروەها

-رووی لە ناو طوڕڕە چرایە لە شەبایە

نەی شەکەر قامەتە، قەندی لە لەبایە(ب٢-٨٥٣)

ئەو چوار دێڕەی سەروە دەستپێکی چوار شیعرن، هەر چواریان شاعیر بە لێکچواندن دەستی پێ کردوون، لە هەر چوار شیعرەکەش، دەستپێکی (تغزل)ە، یاخود دەستپێک بە وێنەیە و بۆ یار گوتراوە. لە چەندین نموونەی دیکەشدا، کە (سالم) لە وەسفی یاردا شیعری گوتووە، هەمان جۆری دەستپێک بوونی هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین؛ لە لای (سالم) کاتێک کە پاڵنەری شیعرەکە پێوەندی بە شێوە و رەفتار وکاریگەریەکانی (یار)ەوە بێت، ئەوە دەستپێکی شیعرەکە بە وەسف کردن و لێکچواندن دەبێت، چونکە وەک ئامەژەمان پێدا سەرسام بوون وێنەی لێ پەیدا دەبێت، بۆیە لە دەستپێکی ئەو شیعرانەشدا شاعیر هەموو بەهرەی خۆی دەخاتە گەڕ تاکوو جوانترین وێنە دروست بکات.

لە دەستپێکی شیعرێکی دیکەدا (سالم) گوتوویەتی:

-لیقا وجیلوە وتەجەللای دلبەرم وەک شوعلەیی نوورە

بەسەر روویا شوعائی ناصیبەی ((نور علی نور)ە(ب٢-ل٧٥٩)

لەم دەسپێکەدا سالم وەسفی بینینی (دلبەر)دەکات، کە وەکوو تیشکی روناکییە، راستە لە لەتی یەکەمدا زانیاری لەبارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی (دلبەر) هەیە، بەڵام لە هەر دەستپێکێکدا ئێمە کارمان بە چەقی بونیادی دێڕەکەیە، لێرەدا ئەو چەقە، وەسفی (لیقا و جیلوە و تەجەللا)یە، کە بە(شوعلەی نوور)چوێنراوە، هۆکاری ئەم جۆرە دەستپێکەش سەرسامی (شاعیر)ە، شاعیر هێندە سەرسامە بە دەرکەوتنەکە، بۆیە راستەوخۆ لەهەنگاوی یەکەمی گوتندا وەسفی دەکات.

زۆر جار وا دەبێت،کە یەک یەکەی بونیادی، شاعیر لە دوو وێنەدا دایدەڕێژێت ودەیکات بە دەستپێکی دوو شیعری جیاواز، بۆنموونە؛

-چەشمەیی نەهری رەوان، دیدەیی گریانی منە

موژە تا مەددی بەصر، نیلوٚفەرستانی منە(ب٢-ل٨١٤)

-عەینی فەوارەیی خوێن، دیدەیی بێ خاری منە

مەنزڵی میحنەتی دونیا، دڵی بەدناوی منە(ب٢-ل٨١٧)

ئەم دوو دێڕەی سەروە دەستپێکی دوو شیعری جیاوازن، بەڵام دەشێ لە ساتی کردەی داهێناندا هەردووک پێکەوە ئامادەبووبن، یان ماوەیەکی کەم لە نێوانیان هەبێت، بە ڵام لە یەک دەقدا پێکەوە هەڵناکەن، بۆیە هەر یەکێکیان دەبێتە دەستپێکێکی وێنەیی و چەندین وێنەی دیکە بە

دوای خۆیدا دێنێت.

وەسفی چاو وگریان چەقی دەستپێکن، گریانەکە هێندە کاریگەری لە ناخی شاعیر کردووە، بۆیە شاعیر لەشتی وێکچوو بۆی دەگەڕێ (نەهری رەوان، فەوارە خوێن) و دەیکات بە وێنە، ئنجا وەکوو هەواڵ رایدەگەیەنێ.

یەکێکی دیکە لەو بنەمایانەی کە وا لە شاعیر دەکەن پەنا بەرێتە بەر وەسف و لێکچواندن لە دەستپێکدا، بنەمای جیاوازی و پارادۆکسە، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بونیادی بەراوردکردن، بۆ نموونە؛

-کەی موقارین بن لە وەصلا رووی من و روخساری یار

قەد بەهەم ناگەنە یەک جا، ئەم خەزانە وئەو بەهار(ب١-ل٢٩٧)

هەست کردن بە جیاوازی یان نەبوونی متمانە بەخود، هۆکارە بۆ دەستپێکردن بە وێنە، بۆیە لەم شیعرەدا سالم رووی خۆی بەراورد دەکات لە گەڵ روخساری یار، رووی خۆی خەزانە و رووی یار بەهار، دژبوونی بەهار و خەزانی قۆستۆتەوە بۆ چواندنیان بە رووی خۆی و رووی یار، واتە؛ بنەمای جیاوازیش هۆکارە بۆ دەستپێکی وەسف و لێکچواندن.

هەروها هەندێک جار هەردوو پاڵنەری پیاهەڵدان و هەجوو کردن لە شیعردا، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەستپێک بە وەسف ولێکچوون، بۆنموونە؛

-ئەی فیدای رەوتی توندت، گورگەلۆقی کەمتیار

وەی غولامی جوست وخێزت، لەقلەقی ناو جۆیبار(ب١-ل٣٠٠)

بەپێی زانیارییەکانی دیوانی (سالم) بێت, ئەم پارچە شیعرە بۆ (احواڵ پرسینی درویش ئاغا) نوسراوە، بەڵام لە رێگای هەجوو کردنەوە، لەم دەستپێکەدا (سالم) راستەو خۆ رەوت و رۆیشتنی دەروێشی بە گورگە لۆقی کەمتیار و لەقلەقی ناو جۆیباری چواندووە ؛ واتە توانجی لێ گرتووە، بەڵام بۆ گەیاندنی توانجەکەی لە رێگای وەسف کردنی رەوتی(دەروێش ئاغا)وە پەنای بردۆتە بەر وێنەی جولاو. بۆیە دەڵێین هونەری داشۆرین یەکێکە لەو هونەرانەی کە دەشێ وا لە شاعیر بکات دەستپێکی لێکچوون و وەسفکردن بەکار بێنێت.

بە گشتی لە سەر بنەمای تێبینیەکانی شیعرەکانی (سالم)، کاتێک لایەنی سۆز وهەست زاڵە بە سەر فەزای دەقدا، ئەوە زۆر جار شاعیر لە دەستپێکدا بە رستەی هەواڵی و رستەی دارشتن دەستپێ کردووە، راستەوخۆش کاریگەری لە جولاندنی سۆزی وەرگر دەکات، بەڵام کە لایەنی هونەریەکە و خەسڵەتی جوانی زاڵ دەبێ بەسەر شاعیردا، ئەوە شاعیر پەنا دەباتە بەر لێکچواندن و وەسف کردن. ئەمەش چەشەی داهێنان و دەرختنی تواناکان ودەسەڵاتی زمانی و هونەری

و توانای خەیاڵکردنی شاعیر زیاتر بەرجەستە دەکات و چەشەی لێکدانەوە و وێناکردنی شتی وەسفکراو و هەڵسەنگاندنی خەیاڵی شاعیر لای وەرگر دەوروژێنێ.

۳-دەستپێکی مەرجدار و گوماناوی.

دەستپێکی مەرجدار وگوماناوی ئەو دەستپێکانەیە، کە شاعیر بە هەواڵێک دەست پێ دەکات، بەڵام تەنها هەواڵەکە ناخەتە روو، بەڵکوو مەرجی بۆ دادەنێت یان بە گومانەوە باسی دەکات.یەکێک لە پاڵنەرەکانی دەستپێکردنی شاعیر بە هەواڵی مەرجدار یان هەواڵی گوماناوی، خودی ئەو ڕاڕایی و بێمتمانەییەیە، کە دەروونی شاعیری داگیر کردووە، بۆیە هەر لە سەرتاوە مەرج و گومان لە بارەی ڕووداوێکەوە یان زانیاریەکەوە دەخاتە روو، مەرج و گومانیش لە خاڵێکدا هاوبەشن، ئەویش ئەگەری بوون و نەبوونی هەواڵە چاوەڕوانکراوەکەیە، چونکە هەواڵی مەرجدار((ئەو هەواڵەیە، کە بەستراوەتەوە بە مەرجێک و بە وەدیهاتنی فرمانی مەرجەکە وەدی دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، هیچ ناگەیەنێ ))(٢١)،هەواڵی گوماناویش((ئەو هەواڵەیە کە پەیامەکەی سەدا سەد نەدرۆیە نەڕاستە))(٢٢)، واتە؛ لە هەردوو دۆخدا دیار نییە بە تەواوەتی هەواڵەکە بووە یان دەبێت، (سالم) لە سی و هەشت دەقدا ئەم جۆرە دەستپێکانەی هەیە بۆنموونە:

-طەریقی عیشقت ئەر بەردەم،خەجاڵەت بم لە مەحشەردا

نەنووسرابم لە پیتا، گەر ئەزەل، حەک بم لە دەفتەردا(ب١-ل٥٨)

(سالم) لە دەستپێکی ئەم شیعرەدا، لە هەوڵی دووپاتکردنەوەی خۆشەویستییەکەیەتی، دەشێ لە ناخیدا ترسی ئەگەری بەردانی رێگای ئەو عیشقە هەبووبێت، بۆیە خەجاڵەتی رووی خۆی لە مەحشەردا بە پابەندبوونی بەعەشقەکەوە بەند دەکات، لە لەتی دووەمیشدا دەڵێ: ئەگەر چارەنووسیشم لە رۆژی ئەزەلەوە لە پێناوی تۆ مردن بێت، ئەوە دەبا بمرم. واتە، سەرچاوەی ئەو مەرجەی کە شاعیرلە دەستپێکدا دایدەنێت، گومان و ڕاڕای ناخی شاعیرە.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-پێم خۆشە کە عومرم بە جەفا صەرفی غەمت بێ

بەو شەرطە کە مایەی ضەرەرم ماچی دەمت بێ(ب٢-ل٩٦٧)

یەکێ لەو خاڵانەی کە وادەکات شاعیر، لەدەستپێکدا پەنا بەرێتە بەر مەرج، گەڕانی شاعیرە بەدوای بەرامبەرێک بۆ هەڵوێست و ڕەفتارەکانی، واتا شاعیر بەدوای پاداشتەوەیە، ئەوتا دەڵێ پێم خۆشە هەموو عومرم لە خەمی تۆدا تەواو بکەم، بەمەرجێ لە پاداشتا ماچی دەمی تۆم دەست کەوێ.

لە دەستپێکی دیکەدا هاتووە:

-بێم ڕەقەم کەم، گەر لەشەرحی غەم کەمیٚ

ماتەمیٚ دەگریٚ دەروونی عالەمیٚ (ب٢-ل١٠٠٧)

هەندێک جار سۆز و هەڵپەی ڕشتنی خەمەکان هۆکارێکی دیکەن بۆ دانانی مەرج لە لایەن شاعیرەوە، لەم نموونەیەی سەرەوە (سالم) دەڵیٚ: ناخی خەڵکی تووشی نارەحتی وخەم وئازار دەبێت،ئەگەر بێت من باسی کەمێک لە خەمەکانی خۆم بکەم،ئەمەش بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەوە ڕوودەدات، کە خەمەکانی سالم لە ناخیدا جۆشیداوە.

هەوەها لە دەستپێکی دیکەدا هاتووە:

-ئەگەر باوەڕدەکەی، سەوگەند بە ئەبڕۆت

هیلال ئاسا خەمیدەم بۆ مەهی ڕووت(ب١-ل٢٢٢)

هەروەها

-بەنەقدی جان دەدا یەک بۆسە دڵدارم، وەلی زحمەت

دەگاتە حەددی وابوون عوقدەیی کارم، وەلی زەحمەت(ب١-ل٢٣٤)

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە، دەستپێکی دوو شیعرن، لە هەردووکیاندا شاعیر گومانی لە ڕوودانی ئەو شتە هەیە، کە خۆی داوای دەکات، لە دێڕی یەکەمدا گومانی هەیە کە یار باوەڕی پیٚ بکا بۆیە سوێند بە برۆکانی دەخوات، لە نموونەی دووەمیشدا گومانی هەیە لە وەرگرتنی ماچێک لە بەرامبەر بەخشینی ڕووحی، خۆ ئەگەر ڕازیش بوو ماچێکی بداتیٚ لە بەرامبەر ڕووحی، ئەوە لەو حاڵەتەشدا شاعیر گومانی هەیە کە کێشەکەی چارەسەر بێت، چونکە کەرووحی بدات دەمریٚ کە مردیش ماچەکە سوودی نییە.

لە سەرەتای دەقێکی دیکەدا سالم هەستی گومانکردن لە لای زۆر زەقە و زاڵە بەسەر دەقدا، لە فۆرمی بوونی ئەگەردا دەریدەبڕیٚ:

--ئیشارەی غەمزە ڕەنگە قەصدی سەر بیٚ

کە بۆ سەر بیٚ، دەسا با زوودتەر بیٚ (ب٢-ل٩٧١)

نەبوونی دڵنیبیایەکی تەواو پاڵنەری شاعیرە بۆ پەنا بردنە بەر دەستپێکی گومان، شاعیر دڵنیا نییە لە مەبەستی ڕاستەقینەی ئاماژەی چاوی یار، بۆیە ئەگەری بۆ دادەنێت ولەسەر بنەمای ئەو ئەگەرە دەقە دادەمەزرێنیٚ.

بوونی گومان و نا متمانەیی و باوەڕ نەبوون سەرچاوە و پالنەری دەستپێکە بە مەرج و گومان، دەستپێک بە مەرج وبەگومان لای سالم زۆربەیان دەستپێکی دڵگیرن، هەندێکیشیان دەستپێکی

جوانن، دەستپێک بە مەرج و بەگومان تاکۆتای دەق دەسەڵاتی بەسەر فەزای دەقەکەدا دەمێنێت، چونکە ئەو ئەگەر و مەرج وگومانە کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە، بۆیە شوێنەواری بەسەر هزری نووسەر وەرگریشدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە.

٤-دەستپێک بە گێڕانەوە و گفتوگۆ.

هەر کاتێک مرۆڤ دەیەوێت بەسەرهاتێک یان رووداوێک باس بکاتەوە پێویستی بە گێڕانەوە هەیە، هەرشتێکیش ( لە ژێر کاریگەری لۆژیکی چیرۆک وحەکایەتی ئەدەبی بوو )(٢٣) ئەوە گێڕانەوەیە، بێگومان گفتوگۆکردنیش هەر یەکێکە لە هونەرەکانی گێڕانەوەی رووداو و چیرۆک، بۆیە پێکەوە هەژمارمان کردوون.

گێڕانەوە وەکوو شێوازێکی دەربڕینی شیعری، دێتە ناو بواری شیعرەوە، ئەو شێوازە شیعر بەلای چیرۆکدا پەلکێش دەکات، کاتی گێڕانەوەش ساتە وەختی کردەی داهێنان بەرجەستە دەکات و ئامانجی شاعیرەکەش لە پەنابردنە بەر گێڕانەوەکە ئاشکرا دەکات، کاتی گێڕانەوە لای (پۆل ریکۆر) دوو مانا لە خۆ دەگرێ(یەکەمیان: کاتی کارلێککردنی نێوان کەسایەتی و بارودۆخە جیاوازەکانە، دووەمیان: کاتی وەرگری چیرۆکە، بەکورتی کاتی گێڕانەوەی ناو دەق ودەرەوەی دەق کاتی بوونە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا)(٢٤)، بۆ شیعر بوونی گێڕانەوە لە دەستپێکی شیعردا، بوونی ئەو دەروازەیەیە کە شاعیر لە رێگایەوە دەپەڕێتەوە بۆ نێو جیهانی خەڵکانی دیکە، جا مەبەست لەوە پەڕینەوەیە تۆمارکردنی مێژوو بێت، یان دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیر بێت لە پەرچەکرداری ئەزموونکردنی چیرۆکێک، یان پەلکێشکردنی وەرگری شیعر بێت بۆ ناو جیهانی شیعرەکە، یاخود بەکارهێنانی گێڕانەوە بێت بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیکەی شیعری. (سالم) لە دەستپێکی (٣٦)دەقدا لە بابەتی جیاوازدا، بە گێڕانەوە دەستی پێکردووە، بۆنموونە؛

-ئیبتدا بۆز لە (سنە)ی کردەوە چرا

بوویەتی،چونکە لەوێ، نەشئونوما

با وجوودی عەلەفی دەشت و زەلی

ئارەزووی هیچی نییە، غەیری کەما(ب١-ل٣٥)

سالم لە باس ئەسپی (بۆز)دا، بە هونەری گێڕانەوە دەستی پێ کردووە، سەرتا شوێنی پەیدابوونی (ئەسپ)ەکە ئاشکرا دەکات، کە لەکوێوە هاتووە وپەروەردەبووە، ئینجا باسی سروشت و زوەقی لە خواردن دەکات، تا کۆتایی شیعرەکە هەر شتمان لەبارەی ئەسپەکەی پێدەڵێ، واتە؛ (سالم) ئەسپەکەی وەکوو کارەکتەر و وەکوو رووداوێک تەماشا دەکات، بۆیە بابەتەکە وادەخوازێ بەگێڕانەوە دەستی پێ بکات.

لە نموونەیەکی دیکدا:

-چوومە سەر ضیافەتی مەللا بەکری عالی جەناب

چ بڵێم خەڵکینە بۆم نایەتە بەر مەددی حیساب

خولاصە جێ بە جێ بوون،ڕیزێ لەخوار،ریزێ لە ژوور

هێنایان هەر بە دو سێنییێ یاپراخ وکەباب(ب١-ل١٥١)

یەکێک لە ماناکانی کاتی گێڕانەوە لای پۆل ریکۆر (کاتی بوونە لە گەڵ خەڵکدا)،لەم نموونەیەی سەرەوەش (سالم) راستەوخۆ، کە دەیەوێ بەسەرهاتی میوانداریەکەی مەلا(بەکر) باس بکات، پەنا دەباتە بەر ئاڕاستە کردنی گوتارەکەی بۆ خەڵک، لەم دەقەدا فەزای گێڕانەوەکە پەیوەستە بە (سالم، مەلا بەکر، ئەو کەسەی سالم لەگەڵی لەسەر سینیەکە دانیشت، ئەو خەڵکەی سالم دەیەوێت بۆیان باس بکاتەوە، لەگەڵ وەرگری فعلی ئێستای دەق)ئەمانە وەکوو کارەکتەر، شوێنیش(شوینی میوانداریەکەی مەلابکره)،ئینجا سالم لە دێڕەکانی دواتردا رووداوە لاوەکیەکە، کە چەقی کۆمیدیاکەی سالمە دەگێڕێتەوە و باسی ئەو کەسە دەکات، کە لە گەڵ سالمدا لەسەر یەک سینی دانیشتووە و نانی خواردووە و هیچی بۆ سالم نەهێشتۆتەوە، بەپێی تێبینمان بۆ دەقەکانی (سالم)، زۆربەی ئەو دەقانەی (سالم)کە باسی رووداوێکی واقیعی تێدایە، دەستپێکی گێرانەوەیان هەیە. هەروەها لە چوار دەقی داشۆریندا دەستپێکی گێڕانەوە هەیە، ئەو شیعرانەش کە دەستپێکی گێڕانەوەیان هەیە، دەستپێکی ئاشکران یان هاوتەریبی پاڵنەرن، چونکە لە دەستپێکدا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەستی شیعرەکە دیارە.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصەی موڵکی بابانن

لە بێ دادی فەلەک هەر یەک سەراسیمە و هەراسانن

جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لە بێ چیزی

لە ژێر باری غەما هەریەک، لە خەودا میثلی چەوگانن(ب١-ل٥٧٦)

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە (سالم) دەستپێکی گێڕانەوە بەکار بهێنێت لەشیعرەکانیدا، بابەتی تۆمار کردنی رووداوە مێژوویەکانی سەردەمی سالم بووە، لەبنەڕەتدا تەکنیکی گێڕانەوەی شیعری تەکنیکێکە( شاعیر تێیدا چەقی سەرنجی دەخاتە سەر بابەتێک و راستەوخۆ لە رێگای وەسفەوە باسی دەکات و خودی شاعیر تیایدا دەردەکەوێ)(٢٥)، بۆیە دەبینین لەم نموونەیەی سەرەوەدا (سالم)چەقی سەرنجی خستۆتە سەر بابەتی نەمانی بابانەکان و لە دەستپێکدا باسی بارو دۆخی خەڵکی بابان دوای نەمانی بابان دەکات، وەکوو تۆمارێکی مێژووی

لە ڕێگەی گێڕانەوەوە وەسفی دەکات و ئەرشیفی دەکات وهاوسۆزی (سالم) بۆ دۆخی بابانەکان بە دەقەکەوە دیارە، بێگومان ئەمە تاکە نموونەش نییە، (سالم) لە چەند دەستپێکی دیکەدا وەک(شۆرەزاری خاکی رەی ئەمجارە دامانگیرمە) بەهەمان شێوازی ئەرشیفکردن زانیاریەکان تۆمار دەکات هاوکات هەست وسۆزی شاعیریش بە سەردەقەکەوە زاڵە.

لەنموونەیەکی دیکەدا:

-لەسەر روو دانەیی خاڵت بە فەن داناوە، دەیزانم

بە قەصدی مورغی دڵ زوڵفت بە دەورا داوە دەیزانم

خەریکی دڵنەوازیمی، بە چاوی مەرحەمەت ظاهر

نیهانی بۆ سەرم تیغی برۆت ساو داوە دەیزانم(ب١-ل٤٤٩)

(سالم)هەندێک جار پەنا دەباتە بەر گفتوگۆکردن لە گەڵ کەسی بەرامەردا ئینجا ئەگەر کەسی بەرامبەر دەنگی دیار بێت یان نا، گرنگ ئەوەیە لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی پەیامی دەقەکەی بۆ کەسی دووەم، بابەتێک دەگێڕێتەوە، لەم نموونەیەی سەرەوەدا، گوتاری دەقەکە بەرەو یارە، بەڵام دەنگی یار دەرنەکەوتووە، تەنها دەنگی سالمە کە بە یار دەڵێ(دەیزانم)، سالم بۆ یار باس دەکات، دەڵێ: خاڵ و زوڵفت هەموو کە بە هونەر و بە مەبەست داناوە بۆ گرتنی منە دەیزانم؛ واتا رەفتارەکانی یار بۆ خودی یار دەگێڕێتەوە و هۆکارەکەشی پێ دەڵێ، بەڵام لە نموونەیەکی دیکەدا هەر لە دەستپێکی گفتو گۆکەدا (سالم)دەنگی یارەکەی پیشان دەدات:

-لە نووری لامیعی تەشتێکی راگرت و وتی: روومە

بە دۆشا ئەژدەهای پڕنێشی راکێشا، وتی:مووومە

تکام کرد: قەتلی من ناحەق نییە واجیب،وتی فەرضە

وتم: بۆ ئاگرت بەردایە عومری من وتی:خوومە(ب٢-ل٨٠٢)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا (سالم) تەکنیکی گفتوگۆی درامی لە دەستپێکدا بەرجەستە کردووە، تەکنیکی گفتوگۆکردنی درامی(بریتییە لە ئاڵوگۆڕ کردنی چالاکی زمانی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، کە لە ڕێگەی باوەڕپێهێنان و خستنەرووی بیر وهەڵچوونەکانەوە پێشکەشدەکرێ) (٢٦)، لەم نموونەیەدا (سالم) گفتوگۆی نێوان خۆی و یار بۆ وەرگرەکانی دەگێڕێتەوە و هەست و بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان دەخاتە روو، دەنگی یار لەسەر زاری سالم دەردەکەوێ، واتا یار بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵام لە ڕێگای سالمەوە بۆچوونەکانی ئەو دەگات بە وەرگر. (سالم) کاتێک کە پاڵنەری نووسینی دەقەکەی مەنەلۆگەکانی خۆی بووە، ئەوە لە دەستپێکی ئەو شیعرانەدا پەیامێکی ئاڕاستە کراو و گفتو گۆ دەبینرێت.

بەگشتی لەو دەقانەی (سالم)کە دەستپێکی گێڕانەوە و گفتوگۆیان هەیە، بۆ دەستپێکی شیعرەکە پێویستە دوو دێڕ یان سێ دێڕێ یەکەم هەژمار بکرێت بۆ ئەوەی توخمەکانی گێڕانەوەکە بەتەواوەتی روونبێتەوە، هەروەها زۆربەی ئەو دەقانە دەستپێکی دڵگیرن و دەستپێکی ئاشکراو هاوتەریبی پاڵنەرن.چونکە دەستپێکەکان یان پێشەکین پەیوەستن بە مەبەستی شیعرەکەوە، یانیش راستەوخۆ مەبەستەکە روون دەکەنەوە.

٥ــــدەستپێکی داخوازی.

کاتێک کە مرۆڤ پێویستیەکی دەبێت هەوڵدەدات، ئەو پێویستییە پڕ بکاتەوە، لەرێگای داواکردنەوە، داڕشتنی داخوازیش((ئەوەیە کە داوای داواکراوێک دەکات، لە کاتی داواکردنەکە-بە پێی بۆچوونی داواکەر هێشتا جێبەجێنەبووە))(٢٧)، واتە لە داخوازیدا دەبێت لایەنی دووەم هەبێت، ئینجا لایەنی دووەم راستەقینە بێت یان مەجازی بێت، گرنگ ئەویە شتێک لە لایەنی دووەم داوادەکرێ،(سالم)لە دەستپێکی (٣٤)دەقدا داخوازی هەیە، داخوازیەکانیش هەمووی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە شاعیر لە نەبوونی شتی داوکراودا دووچاری بۆتەوە، بۆنموونە؛

-بەدەل کەین، بابەنەشئەی مەی، خوماری میحنەتی دونیا

الا یا ایها الساقی ادر کاسا وناولها(ب١-ل١٣٦)

لەم نموونەیەدا (سالم) داواکارییەکەی خۆی لە گەڵ داواکارییەکەی (حافظ) تێهەڵکێش دەکات، چونکە لەتی یەکەم هی سالمە و لەتی دووەم هی حافزە، هەردوو داواکارییەکە کەلێنە دەروونیەکەی پێش کردەی داهێنانی دەقی پێ پڕدەبێتەوە، لە لەتی یەکەمدا(سالم)داوی گۆڕینەوەی خەمەکانی دونیا بە نەشئەی مەی دەکات، لە لەتی دووەمیش داوا دەکات ساقی جامێکی مەیی بۆ بێنێت، لە یەکەمیاندا داواکارییەکە ئاڵوگۆڕکردنی لە گەڵ دایە، لە دووەمیشدا داخوازییەکە بۆ بەدی هاتنی داواکاری یەکەمە، هەردوو داواکاریەکەش زادەی پێویستییە دەروونی و سۆزدارییەکانی شاعیرە.واتە کاتێک رووحی شاعیر تامەزرۆی شتێکە، ئەوە ئەو تامەزرۆییە دەبێتە پاڵنەری دەربڕینی داخوازی.

لە نموونەیەکی دیکدا:

-میرزا وەرە لێم لادە،دەستی من وداماmانت

ئەیمەن مەبە لێم،نەک بێم یەک دەفعە بە مەیدانت(ب١-ل٢١٥)

لەم دەستپێکەدا (سالم) بە ناوی ناسراو دەست پێ دەکات، بانگی (میرزا) دەکات، بانگکردن(یەکێکە لە هونەرەکانی دەستپێک، کە قسەکەر لە پلەی یەکەمدا بۆ مەبەستی دروست کردنی پێوەندی بەکاری دێنێت)(٢٨)، لێرەدا (سالم) گوتەکەی ئاڕاستەی (میرزا) دەکات، مەبەستی لێی

ئاگادار کردنەوەی (میرزا)یە، بۆیە بانگی دەکات و دەڵێ: میرزا وەرە لەمەن دوور بکەوە، یەکێک لە مەبەستەکانی داخوازیش گلەیی کردن و وشیارکردنەوەیە، مەبەستی شاعیریش ئەوەیە ((گلەییەک ئاراستەی فرمانپێکراو بکات و وشیاریبکاتەوە ))(٢٩)، لەم نموونەیەدا زیاتر مەبەستەکە وشیارکردنەوەیە و وەکوو هەرەشەلێکردنیش دەردەکەوێ، چونکە لە لەتی دووەمدا سەرەرای وشیارکردنەوەی بە گوتەی(ئەیمەن مەبە لێم) هەڕەشەی (نەک بێم یەک دەفعە بە مەیدانت)ی لێ دەکات ؛ واتە هەڕەشەی داشۆرینی لێ دەکات، ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە دەستپێکدا بۆ ئەوەیە تاکوو رێگە خۆش بکات بۆ هەجوەکەی دواتر کە لە مەتن و کۆتاییەکەی دەقەکەدا کردویەتی.

لە نموونەیەکی دیکەدا:

-لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەست وئەژنۆ کەف زەنان

گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صفحەی جیهان(ب١-ل٥٢٤)

شاعیر تکا دەکات، لە دەوربەرەکەی کە خەڵکن و دەشێ مەبەستی هاوڕێ وناسیاو و خزمەکانی بێت، کە بەتەنها بەجێی بهێلن، تاکوو لە ئازارەکانیدا بمێنێتەوە، چونکە ئیتر ژیانی لێ تاڵ بووە.

هەروەها

-کارییە دەردم لە دڵدا، داد هەی بێ دادی

کوا حەکیمی نەبضی من،فەریاد، هەی فەریادی(ب٢-ل٨٨٨)

لێرەشدا شاعیر بە کروزانەوە دەست پێ دەکات، بۆ کروزانەوە((فرمانێکی خوازەییە،لە دەرکەوتنەکەیدا،هەست بە کڕوزانەوە و لاوازی فرمانکەر دەکەین))(٣٠)، سالم بە هۆی دەردەکەیەوە دەکروزێتەوە و داوای فریادرەس و حەکیم دەکات، ئەمەشیان هەر بە هۆی لاوازی شاعیرەوەیە.

لە هەردوو نموونەکەی (تکا وکروزانەوە)کە، شاعیر لە لوتکەی لاوازیدایە، لە نموونەی یەکەمدا بەهۆی لاوازییەوە شاعیر داوای گۆشەگیری دەکات، لە کروزانەوەکەشدا دیسان شاعیر لاوازە پێویستی بە یارمەتییە، بۆیە داوای فریاد دەکات. واتە؛ کاتێک شاعیر لە ناخدا تووشی شکست دێت و هەست بە بێ دەسەڵاتی خۆی دەکات، ئەوە لە دەقە شیعریەکاندا پەنا دەباتە بەر دەستپێکی داخوازی بەمەبەستی تکا و کڕوزانەوە .

٦- دەستپێکی پرسیاری

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرسیار کردن ئەوەیە کە لە (قسەکردنا دەستپێکی قسە داگیر دەکات.....بۆ ئەوەی مانا پرسیارییەکەی لە دەست نەدات)(٣١)، لە شیعریشدا کاتێک شاعیر

پرسیارێکی لا دروست دەبێت پرسیارەکە لە سەرتای دەقەکدا دەخاتە روو، چونکە ئەوەی مێشکی شاعیر لەم جۆرە دەقەدا چالاک دەکات بۆ شیعر گوتن چۆنیەتی پرسیار دروستکردنەکەیە، پرسیار کردن((ئەوەیە کە داوای زانینی شتێک بکەی پێشتر نەتزانیبێ و نەیزانی، بۆ ئەوەی تۆش ئاگاداری بیت))(٣٢)، شاعیریش کە پرسیار دەکات تامەزرۆی زانینە ئینجا زانیاریەکە راستەقینە بێت یا مەجازی بێت،، لە پێناوی خۆیٚ بێت یان بۆ کەسانی دیکە بێت، بەڵام مەرج نییە وڵامی هەموو پرسیارەکانی دەست بکەوێت، (سالم)یش لە دەستپێکی(٢٣)دەقدا پرسیار دەکات، هەندێک جار بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پرسیار کردن و لەهەندێک پرسیاریشدا بێ ئامراز ولەسیاقی گوتندا پرسیار دەکات و بەمەبەستی جیاوازیش پرسیارەکانی لە دەستپێکی شیعرەکاندا دەخاتە روو، بۆنموونە؛لەهەندێ دەقدا شاعیر پرسیارێک ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکات، خۆی وڵامی پرسیارەکەی لایە، لێرەدا شاعیر خۆی تامەزرۆی زانین نیە، بەڵکوو تامەزرۆی ئەوەیە کەسی بەرامبەر بزانێ وەک:

-دەزانی بەختی ئەهلی دڵ بۆ قەت ئەمەر نادا؟

فەلەک هەرگیز مورادی مەردومی صاحێب هونەر نادا!(ب١-ل٣)

لە چەند نموونەیەکی دیکەشدا، (سالم) پرسیار دەکات، بەڵام زانیارییەکەی دەست ناکەوێت، چونکە پرسیار کردنەکە لە بارەی چارەنووسەوەیە، بەڵام شاعیر تامەزرۆی زانینیەتی بۆیە لای دەبێت بە پرسیار ئەگەر چی وڵامیشی دەست ناکەوێت، سالم لەدەستپێکی شیعرەکانیدا ئەو پرسیارانەی زۆرە کە ئاراستەی فەلەک و چارەنووسی دەکات، وەک:

-حەسرەتا دڵ غافڵە، نازانێ قیسمەت چی دەکا؟

ئەمڕۆ ئێرەم بوو بە مەسکەن، ئاخۆ فەردا کوێم دەبا؟(ب١-ل٤٣)

-هەتا کەی، ئەی فەلەک، بۆ بەختی من جەور و تەظەللوم بێ

وەچاکە چەند رۆژێ نەوبەتی لوطف و تەرەححوم بێ(ب٢-ل٩٧٧)

لەهەندێک دۆخدا، بەتایبەتی لە مەنلۆگە تاکەکەسیەکانی شاعیردا، لە دەستپێکی شیعرەکەدا پرسیار وڵام هەیە، بەڵام ئەوەی پرسیار دەکات وئەوەشی وڵام دەداتەوە هەر خودی شاعیرە، وەک:

-سیاهی کاغەذم چی بێ؟ سەودای دیدەیی تارم

لە قاصید زودتەر،بەڵکە ببینم روویی دڵدارم(ب١-ل٤٣٦)

هەندێک جار (سالم) لە دەستپێکی شیعرەکاندا پرسیار دەکات بۆ ئەوەی لە رێگەی پرسیارەوە پێوەندی نێوان شتە کان بزانێت وەک:

-رووە یا گوڵە ئەمە،یا بەرگی نەسرین؟

لب است این،یاشکر، یا جان شیرین(ب١-ل٥٩٩)

لە یەک نموونەشدا (سالم)، پرسیار و وڵامەکەی لە ڕێگای گفتو گۆوە دەخاتە روو، و لە دەستپێکی شیعرەکە دا دایدەنێت، وەکوو سەرەتایەک بۆ دروستبوونی گفتوگۆکە، ئەو شتەش کە پرسیاری لێ دەکات (ئەسپ)ە و لە سەر زاری ئەسپەکەوە وڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و بۆ مەبەستی هەجووکردن بە کاری هێناوە، دەستپێکی دەقەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

-من لە ئەسپی بۆز ئەپرسم:بۆ چی ئەعضات کەم ڕەگە

ئەو بە ئاخ وداخ ئەلێ:داخی عەزیز ئاغای سەگە(ب٢-ل٧٨٨).

٧- دەستپێکی نەرێکردن

بەکار هێنانی نەرێ لە شیعردا وەکوو ستایل و دەرکەوتنی لە دەستپێکدا لە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیک بوونی هەیە، لای سالمیش لە دەستپێکی(١٨)دەقدا نەرێکردن دەبینرێت، بۆنمونە:

-نا یێڵی بێمە حوضوورت منی ئاوارە عەبەث

عاجزیی گوڵ لە جەفای بولبولی بێ چارە عەبەث(ب١-ل٢٤١)

شاعیر لە دەستپێکی ئەم شیعرەدا، نەهێشتنی داخوازییەکەی ئاشکرا دەکات، چونکە دەیەوێت بڕواتە دیداری یار، کەچی یار ناهێڵێ، شاعیریش لە ئەنجامدا زویر دەبێت، نەهێشتن یاخی بوونی لێ پەیدا دەبێت و ئەویش زویر بوون دروست دەکا، هەرکات شاعیر لە ژێر فشاری ئەو دۆخە بێت، دەبینین لە دەستپێکی دەقەکانیدا نەرێ کردن هەیە.بۆ نموونە:

-نەما ڕەنگم، بە بێ دیداری احمد

چ دڵتەنگم، بە بێ روخساری ئەحمەد(ب١-ل٢٦٥)

شاعیر ناتوانێ (احمەد)ببینێت، ئەو دۆخەش زویری دەکات، بۆیە هەر لە سەرتای شیعرەکەوە هۆکاری زویر بوونەکەی لە ڕێگای نەهێشتنەکەوە ئاشکرا دەکات.

زۆر جار بۆ دەربڕینی خەم وپەژارە و سکاڵا کردن شاعیر پەنا دەباتە بەر نەرێ کردن، بۆنموونە:

-کەوکەبی سەعدم لە بورجا دەفعەیێ، باڵا نەبوو

(ذوذنب)بۆ بە ختی واروون، قەت دەمێ ئاوا نەبوو(ب١-ل٦٤٥)

هەندێک جاریش بۆ پاساو هێنانەوە شاعیر لە دەستپێکدا پەنای بردۆتە بەر نەرێ کردن وەک:

-چونکە ئیقلیمی فیراق ئاب وهەوایەکی نییە

باغی پەژموردەیی دڵ نەشئونومایێکی نییە(ب٢-ل٨٧٧)

لەو هەژدە دەقەی (سالم)، کە لە دەستپێکدا نەرێ هەیە، زۆربەیان پاڵنەرەکەی خەم وپەژارەن، ئینجا نەرێکردنی هەواڵ و پاشان داخوازی و پرسیارن، سەرچاوەی هەمووشیان هەستی زویربوونە لای شاعیر کە پاڵنەری بەکارهێنانی نەرێیە لە دەستپێکی گوتنەکاندا.

٨- دەستپێک بە فلاش باک و گەڕانەوە بۆ رابردوو

فلاش باک وگەڕانەوە بۆ رابردوو، یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، لە سیاقی گێڕانەوەدا نووسەر لە رێگەی گەڕانەوە بۆ رابردوو هەندێک زانیاری دەدرکێنێ، بەڵام فلاش باک لە دەستپێکی شیعردا جیاوازە، چونکە بەر لە فلاش باکەکە هیچ گێڕانەوە و رووداوێکی دیکە بوونی نییە، خۆی سەرەتایە و مەبەست لێی ژیاندنەوەی بیرەوەرییە (خۆش وناخۆش)ەکانە.(سالم) لە(٧) دەقدا لە رێگەی چەند ئاماژیەکەوە لەناو رابردوودا دەستپێکی شیعرەکەی داناوە. بۆنموونە؛

-هەرسەحەر دێنێتەوە یادم، کۆیی تۆ،مولکی خەتا

نەفحەها دێنێ لە موشکین زولفی تۆ، بادی صەبا(ب١-ل١٤)

لەم دەقەدا گەڕانەوە بۆ رابردوو لە رێگەی دەربڕینی(دێنێتەوە یادم)ەوە بناغەی بۆ دانراوە، گەڕانەوەکەش پابەندی کات کراوە و تەنها لەو دێڕەدا بەرجەستە کراوە، واتە هەموو سەحەرێک بیرەوەریەکانی ئەو ئامادە دەبێتەوە، بێگومان (نەستەلۆژیا-سۆزی رابردوو) هۆکاری هەیە، بۆ شاعیر خۆشی بۆنی زولفی یار خۆشی وڵاتی (خەتا)ی دێنێتەوە یاد، واتە؛ پاڵنەرەی گەڕانەوەکە، ئەو چێژەیە کە شاعیر لە رابردوودا بینیویەتی. شاعیر ئەو بیرەوەرییەی لە سەحەردا دێتەوە یاد، پاش ئەوەی شەوێکی پڕ لە ئازاری بەرێکردووە، چونکە خۆی لە دێڕی دووەمدا دەڵێ(نەهری ئەشک ئەمشەو لە دیدەم وا بە خوڕ دەرژایە روو...دڵ لە سینەمدا تا سەحەر سەنگ ئاسیا ئاسا گەڕا) و هەتا کۆتایی دەقەکەش هەر باسی ئازارەکانی دووری یار دەکات، بۆیە بە لۆژیکی ریزبەندی رووداوەکان بوایە، دەبوو ئەو دێڕەی یەکەم کۆتا دێڕ بوایە، چونکە دۆخی کۆتایی شەوەکە بەرجەستە دەکات، بەڵام بوونی ئەو دێڕە لە سەرەتای دەقەکدا پێوەندی بە بەهێزی سۆز و راستەقینەیی ئەو چێژەوە هەیە کە شاعیر لە ئەنجامی وەبیرهاتنەکەوە هەستی پێ کردووە، بۆیە لە سەرەتاوە باسی دەکات. هەوەها دەشێ ئەو دێڕە پاڵنەری راستەو خۆی نووسینی دەقەکە بێت.

(سالم) لە چەندین نموونەی دیکەدا پاڵنەری گەڕانەوەی بۆ رابردوو، خۆشی و چێژی ئەو رابردووەیە کە دواجار دەبێتە هۆی بزواندنی سۆز و سەلیقەی شیعری شاعیر لە دەستپێکدا دەیخاتە روو، رابردووەکەش زیاتر پێوەندی بە یادگارییەکانی یارەوە هەیە، بۆنموونە:

-یادی تۆیە صەنەما، یەک بە یەک ئەندێشەیی من:

شوغلی من،شێوەیی من،فیکرەتی من،پیشەیی من(ب١-ل٥٧٤)

-بەیادی رووی دلارامی؛صەفەیایە، نەشئەیە، رامی

(بیا ساقی!بدە جامی کزان یابم سرانجامی)(ب٢-ل٩١٢)

ئەم دوو دەستپێکە بەڵگەن لەسەر ئەوەی یەکێک لە پاڵنەرەکانی گەڕانەوەی (سالم)بۆ یادگارییەکانی (جوانی وخۆشەویستی)یە. هەروەها سۆزی خۆشەویستی لای(سالم) دەبیتە هۆی گەڕانەوەی کاتیش(الاسترجاع الزمنی)، گەڕانەوەی کات ؛( تەکنیکێکی کاتە،مەبەست لێی گێڕانەوەی رووداو وگوتە و ئەو کارانەیە،کە لە رابردوودا روویانداوە)(٣١)، بۆنموونە؛

-پارساڵ لە وەصڵدا بە صەفا عەیشی جەمم بوو

لەو کەونەدا شەوکەتی شاهی عەجەمم بوو(ب١-ل٦٣٤)

شاعیر لە دەستپێکدا ئاماژە بە کاتەکە دەکات، کە (پار ساڵ)ە، واتە رابردووە و لەناو ئەو چوارچێوە زەمەنییەدا،باسی دۆخی شکۆدار و ژیانی پڕ خۆشی خۆی دەکات، بەڵام ئەم ژیانە شاهانەیەی (سالم) کە لە ئەنجامی وەصلی یاردا هەیبووە سنوری ئەو کاتە تێناپەڕینێ.

بەگشتی پاڵنەری سەرەکی بۆ دەستپێک بە گەڕانەوە بۆ رابردوو لە هەر (٧)دەقەکەی(سالم) خۆشیەکانی رابردووە بۆیە، لە گوتندا سەرەتا دەستپێکی قسەکردنیان داگیر کردووە.

٩- دەستپێک بە پەشیمانی وشکات و حەسرەت هەڵکێشان

ئەم جۆرە لە دەستپێک ئەو سەرەتایانە دەگرێتەوە، کە بە هەواڵێک دەستپێدەکات و (مەبەست لێی دەربڕینی ئاخ وپەژارەیە لەسەر شتێک یان شتانێکی لە دەست چوو))(٣٤)، لای (سالم)، لە (٦) دەقدا ئەم جۆرە دەربڕینە هەیە،سەرچاوەکەشی پێوەندی بە هەستی بێدەسەڵاتی و نەمانی بەلانسی رێک وپێکی نێوان(من ومنی باڵا و ئەو)ی نووسەرە، کە وادەکات هەستە نەرێکان زاڵبێت بەسەر بیرکردنەوەی نووسەردا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستەش شاعیر پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە دەستپێکانە، بۆ نموونە:

-رەنگی رووم رابورد، درێغا، باز لە حەسرەت روویی دۆست

خەم بووە قەددم لە غەمدا هەر وەکوو ئەبروویی دۆست(ب١-ل١٩٠)

هەروەها

-ئۆف خودا ئەم جەژنە بۆ حاڵی غەریبان ماتەمە

باوجوودی زەوقی مەردوم، خاطری من پڕ غەمە(ب٢-ل٨٠٥)

-درێغا نەقدی دینم کردە صەرفی کاری دونیایی

صەڵاحی دونیەویشم دایە دەستی نەفس و خودڕایی (ب٢-ل٩٥١)

سەرچاوەی ئەو دەستپێکانەی سەرەوە پەشیمانی و حەسرەتە، حەسرەتهەلکێشان و خەم خواردنیش سەرچاوەکەی ئەو هەستە نەرێیانەیە، کە لە ئەنجامی بێ دەسەڵاتی مرۆڤ بەرامبەر بە چارەنووس دووچاری دەبێتەوە. لەوانە (نەمانی ڕەنگی رووی شاعیر لە حەسرەت رووی یاردا، بەسەر بردنی جەژنە لە غەریبی، فەرامۆش کردنی دین بە هۆی کار وباری دونیاوە)، کە هەمووی لەسەرووی دەسەڵاتی شاعیرەوەیە و پێچەوانەی ویستەکانییەتی، بۆیە لە ئەنجامدا وەک گرِکانێک تەوژمی سۆزەکە لە فۆرمی ئاخ هەڵکیشاندا لە دەستپێکی شیعرەکەدا بەرجەستە دەبێت.

١٠- دەستپێک بە سوێند

کاتێک کە شاعیر پێویستی بە پاڵپشتیکردنی هێزێکی زۆر باڵا هەیە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەستەکانی یاخود هەر هەواڵ وداواکاریەک کە هەیبێت، پەنا دەباتە بەر سوێندخواردن، (سالم)لە چوار دەقدا بەم جۆرە شێوازە دەستپێدەکات بۆ نموونە:

-چ بڵێم برا، بە قورئان، حەیرانە دڵ لە کارت

ریتی تەعەششوقی پوول پەیمانەیی قەرارت(ب١-ل١٧٠)

بۆ جەختکردنەوە لە ئەو سەرسامییەی ، کە لە ئەنجامی پارەپرستی و شکانی پەیمانەی بەڵێن لە لایەن کەسی دوەەمەوە دووچاری شاعیر بۆتەوە، شاعیر پەنا دەباتە بەر قەسەم بە قورئان بۆ باشتر نیشاندانی سەرسامییەکەی خۆی و هەروەها بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکرێت.

لە دەستپێکی شیعرێکی دیکەشدا (سالم)دەڵێ:

-ژەهرە موڵ بێ رووت بە والله العظیم

خارە گوڵ بێ بۆت بە الله الکریم(ب١-ل٤٩٥)

پەنابردنە بەر سوێند بە ناوەکانی خودا لە پێناوی بەخشینی بەهایەکی راستەقینەتر بە هەستەکان، جۆرێکی دیکەیە لەو دەستپێکانەی سالم بەکاری هێناوە، تاکوو ئەو قەسەمە ببێتە ئەو کلیلەی کە دەرگای راستەقینەیی و راستگۆیی هەستەکانی شاعیر لە تەواوی دەقەکەدا دەکاتەوە.

تەوەری سێیەم

لە نێوان دەستپێک و کۆتایی دەقدا

دەق یەکەیەکی ئۆرگانییە لە سەرتا وناوەڕاست وکۆتای پێک دێت، هەرچەند ئەم یەکەیە پتەوتربێت، دەقەکە بەهێز تر دەبێت و مانەوە و وەرگرتنی لەلایەن وەرگرەوە ئاسانتر دەبێت، چونکە(باشترین شیعر ئەوەیە کە گوتن تیایدا سیستەمێکی رێکە و هارمۆنیا لە نێوان سەرەتا و کۆتاییەکەی هەیە.. ) (٣٥)، بۆیە زۆرگرنگە جۆری پێوەندی نێوان سەرەتا وناوەڕاست وکۆتایی دەق فەرامۆش نەکرێ، لەبەرئەوەی ئەو پێوەندییە رۆڵی دەبێت لە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی دەقەکە لە لایەن وەرگرەوە.

لە شیعری کلاسیکیدا بە هۆی پێڕەوکردنی یەکێتی بەیت لە دامەزراندنی شیعردا تارادەیەک چێژی دێڕەکان سەربەخۆن و هەندێک جار دابڕان لە نێوانیان هەیە، بەڵام پێڕەوکردنی یەکێتی بەیت نەبووە بە رێگر لە بەردەم هەبوونی پێوەندی نێوان سەرەتاو و ناوەڕاست و کۆتایی دەق، ئەگەر چی هەندێک جار و بەتایبەتی لە دەقە لاوازەکاندا، لە ناوەڕاستی دەقدا هزری وەرگر ون دەبێ و بەلا رێدا دەڕوات، بەڵام لە دەقە بەهێزەکاندا ئەگەر لادانیش رووبدات  لە سنوری سۆز و خەیاڵی دەقەکە دەرناچێت.

لە لای عەرەبەکان کۆمەڵێک جۆری کۆتایی شیعرییان جیا کردۆتەوە لە وانە( الخاتمة التكراريه، المفصولة، المفتوحة، الانبعاثية، المثلية...)(٣٦)، بەڵام زیاتر لە شیعری نوێ و بۆ باسکردنی خودی کۆتاییەکە دایاننناوە. هەرچی کارەکەی ئێمەیە دیاریکردنی پێوەندی نێوان دەستپێک وکۆتایی شیعرەکانە، بۆیە بەسوود وەرگرتن لەو چەمکانە و لەسەر بنەمای دۆخە شیعریەکانی (سالم) هەوڵدەدەین چەند جۆرێک لەو پێوەندییانە باس بکەین. لە لای سالم بە هۆی جۆراوجۆری و زۆری دەقەکانەوە پێوەندیی نێوان سەرەتا و کۆتایی دەقەکانیش هەمەجۆرن، بۆیە دیاردە سەرەکییەکانی ئەو پێوەندیانە پۆلین دەکەین بۆ چەن جۆرێک:

١-پێوەندی تەواوکاری لە نێوان دەستپێک وکۆتایی دەقدا.

پێوەندی تەواوکاری لەسەر بنەمای (الخاتمة التكميلية)ی عەربیەوە، کە زیاتر لە شیعری نوێدا باسیان کردووە، بیرۆکەکەمان بە گۆڕانکارییەوە دامەزراندووە، مەبەست لەم جۆرە پێوەندییە ئەوەیە کە دێڕەکانی سەرەتا و کۆتایی دەق پێوەندی بە یەک بابەتەوە هەبێت و دێڕی کۆتایی هەر تەواوکەری دێڕی یەکەمی دەق بێ، بۆ نموونە ئەگەر دەستپێک بە راگەیاندن بێت کۆتاییەکەش هەر پەیوەستە بە راگەیاندنەوە، ئەگەر بە پرسیار بێت پەیوەست بێت بە پرسیارەوە و داخوازی بێت داخوازییە ...هتد،بۆ نموونە:

لە دەقێکدا سالم لە دەستپێکدا دەڵێ:

هەر بە عەمدەن یاری من بێ پەردە قامەت دەردەخا

مەحضی کیذبی موددەعای دەهری، قیامەت دەردەخا (ب١-ل١)

لەکۆتایی دا دەڵێ:

-من وتم: تیغی برۆت ساو دا بەقصدی، ئەو وتی:

پیری عیشقە سالم ویەک یەک کەرامەت دەردەخا(ب١-ل٢)

لە دێڕی یەکەمدا باسی هەڵسوکەوتی یار دەکات، کە بەمەبەست باڵای نیشاندەدات، لە کۆتاییەکەشدا هەر تەواوکەری هەڵسوکەوتەکانی یارە کە بەمەبەست بڕۆی باریک کردووە، واتا کۆتایی تەواوکەری سەرەتایە و لەسەر هەمان ڕێڕەو بەردەوامە، ئەم کۆتاییەی سالم بەکاری هێناوە پێی دەگوترێ کۆتایی جوان، کۆتایی جوان((ئەوەیە دوا دێڕی شیعر، هەروها دوا ڕستە، یان دوا پارچە پەخشان لە ڕووکانی وشە و واتا وشێوازدا جوان و تەواو و ڕوون و خۆش و بەهێز بن، چ ئەوەشیان لێ نەخوێنرێتەوە، کە ئەمە دێڕی دوایینە))(٣٧). دێڕی کۆتایی لەم دەقەی سالمدا وشەکانی ڕوونە جوانە و ئەوەشی لێ ناخوێنرێتەوە کە کۆتا دێڕە، چونکە بە گفتوگۆی نێوان سالم ویار کۆتایی پێ هاتووە، وەرگریش لە چاوەڕوانی بەردەوامبوونی گفتوگۆکەیە، چاوەڕێی کۆتایی نییە، هێشتا تامازرۆیی بیستنە، کەچی دێڕەکەش کۆتا دێڕە، بۆیە بە کۆتایی جوان هەژمار دەکرێ، بەڵام دەستپێکی شیعرەکە (دەستپێکی دڵگیر)ە،چونکە وابەستەی مەبەستی دەقەکەیە .واتە لەم پێوەندییە تەواوکارییەدا دەستپێک دڵگیرە کۆتایی جوانە.

لەنموونەیەکی دیکەدا دێڕی دەستپێک بریتییە لە:

-موژدەی ڕەنجم کە بدەی، نەقدی ویصالم طەلەبە

ئەجری هیجرم کە بدەی باغی جەمالم طەلەبە(ب٢-ل٧٣٦)

لەکۆتا دێڕدا دەڵێ:

-دێوی نا سالم ی نەفسم پڕی غاری بەدەنە

قوەوەتێکی بە قەدەر ڕۆستەمی زاڵم طەڵەبە(ب٢-ل٧٣٧)

سەرتا وکۆتایی ئەم شیعرەش هەردووک وابەستەی داخوازییە، لە دێڕی یەکەمدا شاعیر (ویصال وجەمال) دەوێ، لە کۆتا دێڕیشدا(قوەتی ڕۆستەمی زاڵێ)دەوێ،واتە لە دێڕی یەکەمدا داخوازی هەی و کۆتا دێڕیش هەر بەردەوامە لە تەواوکردنی داخوازییەکانی، بۆیە پێوەندی نێوان کۆتایی وسەرەتای دەق پێوەندییەکی تەواوکارییە، بەهەمان شێوەی نموونەکەی پێشووتر، ئەم شیعرەش دەستپێکەکەی دڵگیرە و کۆتاییەکەی جوانە، و لە زۆربەی ئەو دەقانەی سالم کە پێوەندییەکی تەواوکاری لە نێوان کۆتا ودەستپێکدا هەیە، ئەوە دەستپێک دڵگیرە وکۆتایی جوان.

٢-پێوەندی کەوانەیی یاخود بازنەیی.

لە لای عەرەبەکان (الخاتمە التدويرية) بوونی هەیە، ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان گونجاندووە لەگەڵ شیعرەکانی (سالم) بۆ دروستکردنی پردی پێوەندی نێوان سەرەتا وکۆتایی دەقەکان، مەبەست لە پێوەندی کەوانەیی یاخود بازنەیی ئەوەیە، دێڕی دەستپێک سەرەتای کردنەوەی کەوانە بێت و دێڕی کۆتایی داخستنی کەوانە بێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە بونیادی دووبارە هەبێت لە نێوان کۆتا دێڕ ویەکەم دێڕدا، ئینجا دووبارە بوونەوەکە لە هزری دێڕەکاندا بێت یان لە وشەکاندا بێت، گرنگ ئەوەیە وەرگر وا هەست بکات لە نێوان سەرەتا وکۆتاییدا دەخولێتەوە بۆ نموونە:

لەدەستپێکی شیعرێکدا دێڕی یەکەم بریتییە لە:

-لەطەرف یارەوە نۆبەی نەظەرە

ئەی دڵ ئامادەبە خوێنت هەدەرە(ب٢-ل٧٦٥)

کۆتا دێڕ بریتییە لە:

-وەختی خەندە و نیگەە و عیشوەیی یار

سالم ئەر ضەبطی نیگەە کا، هونەرە(ب٢-ل٧٦٧)

لە یەکەم دێڕدا سالم باسی (نۆبەی نەظەر)ی یار دەکات، لە کۆتا دێڕیشدا هەر لە هەمان بازنەدایە هەر خەریکی کۆنترۆڵیکردنی ئەو نیگایەی یارە، واتە، سالم لەخاڵی دەستپێکدا بە نیگای چاو دەستپێدەکات، لە مەتنی دەقەکەدا بەردەوام دەبێت لە وەسفکردنی لایەنەکانی دیکەی یار، بەڵام لە کۆتا دێڕ دا دەگەڕێتەوە هەمان هزری خاڵی دەستپێک، کە پەیوەستە بە چاوی یار، بۆیە ئەم پێوەندییە بە کەوانەیی و بازنەیی دەژمێرین، و جیاوازی نێوان پێوەندی کەوانەیی وتەواوکاری ئەوەیە، لە تەواوکاریدا دێڕی کۆتا بەردەوامی بە دێڕی یەکەم دەدات ناگەڕێتەوە سەر دێڕی یەکەم، بەڵام لە پێوەندیی کەوانەییدا کۆتا دێڕ دەگەڕێتەوە سەر دێڕی یەکەم، لەم نموونە شیعرییەی سەرەوەشدا دەستپێک دڵگیرە و کۆتایی جوانە.

لەنموونەیەکی دیکەی پێوەندی بازنەییدا، دەستپێکی شیعرەکە بریتییە لە:

-بۆ منی بێ سەروپا، غەیری وەفا، پیشە نەما

یۆ دڵی تۆ صەنەما! جوز ستەم، ئەندێشە نەما(ب١-ل١٢٩)

کۆتاییەکەشی بریتییە لە:

-بەس بسووتێنە لە غەم سالم ی مەسکین بە جەفا

بۆ وجوودی سەروپا لەحم و دەم وپیشە نەما(ب١-ل١٣٠)

ئێمە گوتمان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێوەندی بازنەیی یاخود کەوانەیی هەبوونی یونیادی

دووبارەیە، لەم دەقەدا (سەروپا، نەما) لەهەردوو دێڕی یەکەم وکۆتاییدا بوونی هەیە، بۆیە لەکۆتاییدا دەق هزری وەرگر دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر دەستپێکی شیعرەکە، هەروەها دەستپێکی کردنەوەی کەوانەکە (وەفا)یە، داخستنی کەوانەکەش(جەفا)یە، مان و نەمانی بوونی شاعیریش لەنێوان ئەم دوو کەوانەیەدایە.لەم نموونەیەشدا دەستپێک دڵگیرە و کۆتایی جوان.

**٣-پێوەندی کورتبڕی – کورتکردنەوە-چڕکردنەوە.**

دەستپێک سەرەتای کردنەوەی بابەتی شیعرییە، لە هەندێک نموونەی شیعرەکانی سالمدا، لە کۆتا دێڕدا ئەم بابەتە چڕ دەکرێتەوە و کورتەی بابەتەکە دەخرێتە روو، بۆیە ئەم جۆرە دۆخە بە کورتبڕێ وکورتکردنەوە هەژمار دەکەین، واتە کۆتا دێڕ کۆکردنەوەی سەرتا وناوەڕاستی دەقە، بۆنموونە:

لە دەستپێکی شیعرێکی هەجودا (سالم) بە شێوەی گێڕانەوە دەست پێدەکات:

-ئیبتدا بۆز لە سنەی کردەوە چرا

بوویەتی چونکە لەوێ نەشئونوما(ب١-ل٣٥)

لەکۆتا دێڕیشدا کۆتایی بە باەتەکە هێناوە بەم شێوەیە:

-بەسە سالم مەکە لەم سەبکە خەیاڵ

لادە لەم فیکرە حەیای بۆزە نەما(ب١-ل٣٩)

سەرەتای دەقەکە بەباسکردنی (ئەسپێک بەناوی بۆز) دەستپێدەکات، کۆتاییەکەشی بە داخوازی راگرتنی هەجوەکە بە دەربڕینی (بەسە سالم...حەیای بۆزە نەما) کورت دەکاتەوە، چونکە حەیای بۆزە نەما و ئیتر بابەتەکە قسەی دیکە هەڵناگرێ. ئەم کۆتاییەی سالم بە (کۆتایی دڵگیر) هەژمار دەکرێ، کۆتایی دڵگیر ((بریتییە لەو دوا بەشەی ئاخاوتن، کە بە هۆیەک لە هۆیەکان وا دەکات، هەست بەوە بکرێ، کە ئەمە کۆتاییە))(٣٨)، لەم دێرەشدا ئاماژە هەیە بەکۆتایی،چونکە دەربڕینی(بەسە) بەکارهاتووە.بۆیە بە کۆتایی دڵگیر دادەنرێت، دەستپێکی شیعرەکەش دەستپێکی دڵگیرە، چونکە دەستپێکەکە وابەستەی بابەتی ناو مەتن وکۆتایی دەقەکەیە.

لەنموونەیەکی دیکەدا دەستپێکی شیعرەکە بریتییە لە:

-چوومە سەر ضیافەتی مەللا بەکری عالی جەناب

چ بلێم خەڵکینە بۆم نایەتە بەر مەددی حیساب(ب١-ل١٥١)

کۆتاییەکەی:

القصە ئەو شەوە بەدبەختیە وەهای کرد بە جۆش

وەختە بوو قیرتەبقی نان لەملا بێتە جواب(ب١-ل١٥٢)

لەم شیعرە دا (سالم) باسی بانگێشتی خۆی دەکات بۆ خوانی (مەلا بەکر)، دیسان دەستپێکی گێڕانەوەی پێڕەو کردووە، لە مەتنی دەقەکەشدا بەردەوام دەبێت لە باس کردنەکە، کە چۆن پیاوێک لە گەڵ ئەو لە سەر هەمان سینی خواردن دانیشتووە و زۆری خواردووە...هتد. لەکۆتایشدا کورتەی چیرۆکەکەی ئەو شەوە دەخاتە روو، دەڵێ: پوختەی حیکایەتەکە، ئەو شەوە ئەو کابرایە هێندەی خوارد وەخت بوو خواردنەکەی لێ بێتە دەنگ.واتە لەکۆتا دێڕدا ئەو چیرۆکەی کە لە یەکەم دێڕێ دەقدا باسی دەکات، لە کۆتا دێڕدا چڕی دەکاتەوە و پوختەکەی دەخاتە روو، بەهەمان شێوەی نموونەکەی پێشووتر، دەستپێکی ئەم شیعرە دڵگیرە وکۆتاییەکەشی دڵگیرە.

دوای تێبینی شیعرەکانی سالم بەگشتی بۆمان دەرکەوت کە (١١)دەق لەو شیعرانەی (سالم)،کە بە گێڕانەوە و گفتو گۆ دەستپێدەکەن، پێوەندی نێوان سەرەتا و کۆتایی دەقەکان، چڕکردنەوە یاخود کورتکردنەوەیە و کۆتایی دڵگیرن و دەستپێکی ئەو شیعرانەش دەستپێکی دڵگیرن.(٢٥) دەقیش لەو دەقانە پێوەندییەکەیان تەواوکارییە.

٤-پێوەندی دابڕاو

ئەگەر بەوردی دیقەتی شیعرەکانی سالم بدەین، تێبینی ئەوە دەکەین زۆرجار کۆتایی پێوەندی لەگەڵ دەستپێکدا بچڕاوە و یاخود بەر لە دێڕی کۆتایی شیعرەکە کۆتایی هاتووە و دوا دێڕ دابڕاوە لە فەزای دەقەکە ، ئەمەش زۆر جار بۆ پێڕەو کردنی یەکێتی بەیت لە شیعرەکاندا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەهەموو دیاردەکان زەقتر بوونی دابڕانی نێوان دەستپێک و کۆتایی دەقە بە هۆی دەستپێکی جوانەوە، ئێمە ئەم دۆخەمان بە پێوەندی دابڕاو هەژمار کرد، چونکە مێشکی وەرگر لە نێوان سەرتا وناوەڕاست کۆتایی دەقدا تووشی پچڕانی زنجیرەی بیرکردنەوە و تەوژمی سۆز دەبێت. بۆنموونە:

لەدەستپێکی شیعرێکی هەجوودا (سالم)بە باسی دۆخی دەروونی خۆی بەر لەکردەی گوتن، یاخود لەساتەوەختی گوتندا بەرجەستە دەکات:

-غەم وەکو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا

ئاوی هایل زایە کەشتی،هاتمە حاڵی حەلوەلا(ب١-ل٢٨)

(سالم)لەم شیعرەدا هەتا دێڕی پێنجەم لە باسی دۆخی دەروونی خۆیدایە و لە دێڕی پێنجەم بەدواوە دەست بە داشۆرینی (ئەسپی حەمەی ئەحمەد)ناوێک دەکات، بۆیە ئەم دەستپێکە بە دەستپێکی جوان لە قەڵەم دەدرێ، چونکە لە دەستپێکی جواندا دێڕەکانی سەرتای شیعر راستەوخۆ باسی مەبەستی سەرکی شیعرەکەی تێدا نییە، هەر لەبەر ئەوەشە لە گەل کۆتاییەکەشدا پێوەندی دابڕان لە نێوانیاندا هەیە، کۆتا دێڕی ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

-وەک خدر قوشچی چە قەڵ فێر بوون حیسابی فارسی

ئەستێرە دەژمێرن ئاخۆ لاکی بۆز کەی دێتە لا(ب١-ل٣٤)

واتە؛ کۆتا دێڕی شیعرەکە هەر باسی (ئەسپەکەیە) و پێوەندی بە سەرەتا جوانەکەی دەقەکەوە نییە، بۆیە پێوەندیەکەیان دابڕاوە، ئەم کۆتاییەش هەر بەجوان دەژمێردرێ، چونکە ئەوەی لێ ناخوێندرێتەوە کە کۆتایی دەقەکە بێت.

لەنموونەیەکی دیکەدا:

-حەسرەتا دڵ غافڵە، نازانێ قیسمەت چی دەکا

ئەمرۆ ئیرەم بوو مەسکەن ئاخۆ فەردا کوێم دەبا(ب١-ل٤٣)

لەم دەستپێکەدا باسی دۆخی مرۆڤ دەکات کە هەر رۆژێک چارەنووس بۆ لایەکی دەبات، جارێ خوێنەر نازانێ بابەتەکە باسی چییە، لەدێڕی چوارەمدا ئاماژە بە ناوی (حیللە)دەکات، دەچێتە ناو بابەتەکەوە، بابەتەکەش باسکردنی گەشتێکی خۆیەتی بۆ شاری((حیللە، لە ماڵە عارێبێک میوان بووە، خزمەتیان نەکردووە))(٣٩). بۆیە سەرەتای دەقەکە سەرەتایەکی جوانە و لەگەڵ کۆتایی دەقەکەدا دابڕاوە، چونکە، لە کۆتاییدا شاعیر گوتوویەتی:

-هەمنشینم قەد نەبێ ئیتر عەرەب تا حاڵی مەرگ

ئاینە کەسبی جەلا، حەیفە لە خاکیستەر دەکا(ب١-ل٥١)

ئەم کۆتاییە چڕکردنەوەی بابەتەکەیە و کۆتاییەکی دڵگیرەشە، چونکە ئاماژە بە کۆتایی بابەتەکەی تێدایە (هەمنشینم قەد نەبێ ئیتر عەرەب تا حاڵی مەرگ)، واتە ؛ پوختەی بابەتەکە ئەوەیە ئیتر تا مردن هەرگیز میوانی عارەب نەبم، بەڵام ئەم کورتکردنەوەیەی دوا دێڕ دابڕاوە لەگەڵ دەستپێکدا، بۆیە بە پێوەندی دابڕاو هەژماری دەکەین نەک پێوەندی کورتکردنەوە وچڕکردنەوە.ئەم دەقە دەستپێکی جوانە، کۆتایی دڵگیرە، واتا مەرج نییە لە پێوەندی دابڕاودا کۆتای جوان بێت و دەستپێک جوان، بەڵکوو بە پێی شیعرەکە گۆڕاوە ولای (سالم) قالبێکی دیاری وەرنەگرتووە.

٥-پێوەندی پێچەوانەیی

دۆخێکی دیکەی پێوەندی کە لە سروشتی دەقەکانی سالمدا هەڵێنجراوە، پێوەندی پێچەوانەیە، مەبەستمان لەم پێوەندییە، ئەوەیە کە دێڕی یەکەمی دەق بخەینە کۆتا دێڕ و دێڕی کۆتا بهێنینە سەرتا، بە مەبەستی بەخشینی زنجیرەبەندیەکی پێچەوانەیی بە بابەتەکانی ناو دەق، بەشێوەیەک لە گەڵ لۆژیکی بیرکردنەوەدا گونجاو بێت، نەک لەگەڵ لۆژیکی شاعیر، بۆنموونە:

لەدەقێکدا (سالم)بەم جۆرە دێڕەکانی گوتووە:

-طەڵەب کەم گەر بەغەیرەز تۆ لە اللە
بەعفوا چیٚ موناجاتی سەحەرگاه
لەبەر ئەشکم لە خاکا جیسمی فەرتووت
لە قوڕدا رووبەرووی دیوارە وەک کاه
وەها پڕبوو بە ئیما دڵ لە پەیکان
بەدەمما دێتە دەر ئاهەن لە جێی ئاه
دڵم دوزدانە بۆ سێبی زەنخ چوو
لە خەوفا پای ئەلغەزی، کەوتە ناو چاه
بنێرە شەهری دڵ فەوجیٚ لە موژگان
ویلایەت نەظمی کوا بیٚ لەشکری شاه
گەهی ئیما لە هەر سوو تورکی چاوت
بەمەستی خەنجەری کێشا لەرووی ماه
قەدت نەخل و روطەب لێوی عەقیقت
هەوەس پڕ زۆر و سالم دەستی کوتاه (ب٢-ل٧٣٤-٧٣٥)

(سالم) لەکۆتا دێڕدا وەسفی یار دەکات، وباسی نەگەیشتنی خۆی بەحەزەکانی دەکات، لەکاتێکدا لە دێڕی یەکەممدا، داخوازییەکی مەرجداری هەیە، کە (هەموو موناجاتێکی بەرەبەیانی لەگەڵ خوادا بفەوتیٚ، ئەگەر بێجگە لە تۆ هیچ داوایەکی هەبێت لە خودا)، ئینجا ئەگەرسەرەتا (سالم) باسی جوانی یاری بکردایە و وەسفەکانی خۆی تەواو بکردایە، لەکۆتاییدا مەرجەکەی خۆی دابنایە، ئەوە مەرجەکەی، هێزێکی زیاتری دەبوو، چونکە وەرگر لە ئازاراو و یستەکانی شاعیر تێدەگیشت و داواکەی (سالم) لە هزردا ئەگەری مانەوەی زیاتر دەبوو. ئەگەر دەقەکە پێچەوانەبکرێتەوە، بەم شێوەیە دەبێت:

-قەدت نەخل و روطەب لێوی عەقیقت
هەوەس پڕ زۆر و سالم دەستی کوتاه
گەهی ئیما لە هەر سوو تورکی چاوت
بەمەستی خەنجەری کێشا لەرووی ماه
بنێرە شەهری دڵ فەوجیٚ لە موژگان
ویلایەت نەظمی کوا بیٚ لەشکری شاه
دڵم دوزدانە بۆ سێبی زەنخ چوو

لە خەوفا پای ئەلغەزی، کەوتە ناو چاھ

وەھا پڕبوو بە ئیما دڵ لە پەیکان

بەدەمما دێتە دەر ئاھەن لە جێی ئاھ

لەبەر ئەشکم لە خاکا جیسمی فەرتووت

لە قوڕدا رووبەرووی دیوارە وەک کاھ

طەڵەب کەم گەر بەغەیرەز تۆ لە الله

بەعفوا چێ موناجاتی سەحەرگاھ

ئەگەر دەقەکە بەم شێوەیە بێت سالم سەرەتا وەسفی (ئارەزووی خۆی دەکات بۆ جوانی یار پاشان باسی چاو وروومەت، ئینجا داوای تیربارانی دڵی دەکات لە لایەن موژگانەوە، دواتر باسی هەلخزانی خۆی دەکات لە ناو چاڵی چەنگای یار، لەکۆتاییدا ئازارەکانی پێکانی دڵی بە ئاماژەکانی یار باس دەکات و حاڵی خۆی لە ئەنجامی گریانی زۆر و لاوازییدا دەخاتە روو، بۆیە لۆژیکییە دوای ئەو هەموو ناخۆشییە مەرجەکەی دابنێت). لە بنەڕەتدا کۆتایی دەق کاریگەری هەیە لە سەر مانەوەی زیاتری دەق لە هزردا لە دوای کردەی خوێندنەوەدا، دەستپێکیش کلیلی چوونە ناو دەقەکەیە، بۆیە لە پێوەندی پێچەوانەییدا دەکرێ ئەم رۆڵانە لە نێوان دەستپێک و کۆتایی دەقدا لە هزری وەرگردا بگۆڕدرێتەوە .

ئەم دەقەی سالم دەستپێکی دڵگیرە و کۆتایی جوان، ئەگەر پێچەوانە بکرێتەوە، دەستپێکی هەر دڵگیر دەبێت و کۆتاییەکشی دڵگیر.

نموونەیەکی دیکەی پێوەندی پێچەوانەیی سەرەتا و کۆتایی ئەو دەقە شیعرییە، کە لە دەستپێکدا گوتوویەتی:

-هەرسەحەر دێنێتەوە یادم، کۆیی تۆ،مولکی خەتا

نەفحەها دێنێ لە موشکین زولفی تۆ، بادی صەبا

لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا دا ئاماژەمان بۆ ئەم شیعرە کردووە و شیمانکردۆتەوە(بگەڕێوە سەر تەوەری دووەم –دەستپێک بە فلاش باک)، وپێمان وایە لە م شیعرەشدا بە لۆژیکی ریزبەندی رووداوەکان بوایە، دەبوو ئەو دێڕەی یەکەم کۆتا دێڕ بوایە، چونکە دۆخی کۆتایی شەوەکە بەرجەستە دەکات، بەڵام بوونی ئەو دێڕە لە سەرتای دەقەکدا پێوەندی بە بەهێزی سۆز و راستەقینەیی ئەو چێژەوە هەیە، کە شاعیر لە ئەنجامی وەبیرهاتنەکەوە هەستی پێ کردووە، بۆیە لە سەرەتاوە باسی دەکات.

ئەنجام

١-لە ئەزموونی شیعری سالمدا پاڵنەری سەرەکی شیعرەکانی دەربڕینی سۆز بووە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی هەستەکەنیانەوە، بۆیە دەبینین ١٤٩دەقی شیعری کە زۆرترینە لە ناو شیعرەکانی دیکەیدا ئەم جۆرە دەستپێکەیان هەیە، زۆربەشیان دەستپێکی دڵگیرن، هەروها دەستپێکی هاوتەریبی پاڵنەر و دەستپێکی ئاشکرا لە ناویان زۆرترە، وەک لە دەستپێک بە وێنە و دەستپێکی جوان.

٢- ئەو شیعرانەی سالم کە دەستپێکەکەی ڕاگەیاندنە و مەبەستیش لێی دەربڕینی هەستی ناوەوەی نووسەرە، (دەستپێکی دڵگیر)ە.

٣- کاتێک لایەنی سۆز وهەست زاڵە بە سەر فەزای دەقەکاني سالمدا، لە دەستپێکدا شاعیر بە رستەی هەواڵی و رستەی دارشتن دەستپیێ کردووە، بەڵام کە لایەنی هونەریەکە و خەسڵەتی جوانی زاڵ دەبێ بەسەر شاعیردا، ئەوە شاعیر لە دەستپێکدا پەنا دەباتە بەر لێکچواندن و وەسف کردن.

٤- ئەو دەقانەی (سالم)کە باسی ڕووداوێکی واقیعی تێدایە، دەستپێکی گێڕانەوەیان هەیە. هەروەها لە چوار دەقی داشۆریندا دەستپێکی گێڕانەوە هەیە، ئەو شیعرانەش کە دەستپێکی گێڕانەوەیان هەیە، دەستپێکی ئاشکران یان هاوتەریبی پاڵنەرن، چونکە لە دەستپێکدا ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەستی شیعرەکە دیارە.

٥-(سالم) کاتێک کە پاڵنەری نووسینی دەقەکەی مەنەلۆگەکانی خۆی بووە، ئەوە لە دەستپێکی ئەو شیعرانەدا پەیامێکی ئاڕاستە کراو و گفتو گۆ دەبینرێت.

٦-لە ئەو دەقانەی سالم کە پێوەندییەکی تەواوکاری لە نێوان کۆتایی و دەستپێکدا هەیە، ئەوە دەستپێک دڵگیرە وکۆتایی جوان.

٧-(١١)دەق لەو شیعرانەی (سالم)،کە بە گێڕانەوە و گفتو گۆ دەستپێدەکەن، پێوەندی نێوان سەرەتا و کۆتایی دەقەکان، چڕکردنەوە یاخود کورتکردنەوەیە و کۆتایی دڵگیرن و دەستپێکی ئەو شیعرانەش دەستپێکی دڵگیرن، (٢٥)دەقیش پێوەندی تەواوکاری هەیە لەنێوان سەرتا وکۆتاییەکەی.

پەراوێزەکان

١-عبدالرحمن بدوی،ارسطوطالیس (فن الخطابة)،دار القلم،بیروت، ١٩٧٩، ل١٣٠

٢-شذى حكيم الرواشدة، بنية الاستهلال في الشعر الاموي، رسالة ماجستير،كلية الاداب، جامعة المؤتة،الاردن،ص٧

٣-ابی الحسن محمد بن احمد بن طباطبا العلوی،کتاب عیار الشعر، تحقیق عبد العزیزبن ناصر المانع، اتحاد کتاب العرب، دیمشق، ٢٠٠٥، ص٧-٨

٤-،، فاروق شوشة واخرون، معجم مصطلحات الادب،دار الکتب، القاهرة،٢٠٠٧، ١٤٥

٤-الخطیب القزوینی، الایضاح فی علوم البلاغة(المعانی والبیان والبدیع)،دار الکتب العالمیة، بیروت، لبنان،٢٠٠٣،ص٣٢٢

٥- محمد علی قەرەداغی (ئامادەکردن)، زنجیرە وتاری د.محمد موفتی صدقی زادە لە رادیۆی تاراندا‌خوێندوونییەوە،ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠٠٨،ل١٧٨-١٨١

٦-مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب١،بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠١٥،ل٥٠٧

٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب٢،بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠١٥،ل٧٤٩

٨-ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا،لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی،ئەکادیمیای کورد،هەولێر،٢٠١١،ل٣٥٢

٩-سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٣.

١٠-سعد مصلوح، الاسلوب دراسه لغویة احصائیة، طبعة٣، علم الکتاب، القاهرة، ١٩٩٢،ص٥١.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

١٢- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا،لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی، ل٢٤.

١٣-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

١٤- عزیزگەردی،رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-واتاناسی،ب٣،بەرێوبەریتی گشتی رۆشنبیری کوردی،بەغداد،،٤٨،١٩٧٨.

١٥-پیتەر هالبێرگ ودانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا:ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندنی کودۆلۆژی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٦١.

١٦- مفیدة محمد حسن، بلاغة الخبر في فواتح السور في خطاب سید البشر، مجلة کلیة الدراسات الاسلامیه والعربیة للبنات، المجلد الرابع، العدد ٣٥، الاسکندریة،ص١١٢٧.

١٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب٢،ل٨٦٥.

١٨- مفيدة محمد حسن، بلاغة الخبر في فواتح السور في خطاب سيد البشر، ص١١٢٧.

١٩-زرفة منزر، شعرية الاستهلال عند بدر شاكر سياب،ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعه محمد خضيربسكره،، الجزائر،٢٠١٥-٢٠١٦،ل١٣٤.

٢٠-عزیزگەردی،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا،ب١،بەڕێوبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی،بەغداد، ١٩٧٢،ل٢٢.

٢١- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی،ل٤١.

٢٢-سەرچاوەی پێشوو،ل٣٧

٢٣-سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب بيروت،،١٩٨٥،ص١١٠.

٢٤-بول ريكور،الوجود و الزمان و السرد، ت:سعيد الغانمي،ط١،المركز الثقافي العربي،لبنان،٢٩،١٩٩٩ ص٢٩.

٢٥-البندري معيض عبد الكريم، الاستهلال في شعر غازي القصيبي،رسالة ماجستير،كلية اللغة العربية،جامعة ام القرى،المملكة العربية السعودية،٢٠١٢-٢٠١٣،ص١٠٢.

٢٦-سەرچاوەی پێشوو،ل٩٣.

٢٧- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی،ل٤٤.

٢٨-شعلال رشيد،شعرية الاستهلال عند عبدالله البردوني،مجلة كلية الاداب واللغات، العدد الثامن،جامعة محمد خضير-بسكرة،٢٠١١،ص١٨.

٢٩- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ل٤٧.

٣٠-سەرچاوەی پێشوو،ل٤٨.

٣١- شذى حكيم الرواشدة، بنية الاستهلال في الشعر الاموي،ص٢١,

٣٢- عزیزگەردی،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-واتاناسی،ب٣،ل٣٧.

٣٣-مهند علي سليمان، الروايةالاردنية(١٩٩٥-٢٠٠٠)، رسالة ماجستير كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية،٢٠١٠،ص١٢٧.

٣٤-- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا،ل٣٠.

٣٥- شذى حكيم الرواشدة، بنية الاستهلال في الشعر الاموي،ص١٧.

٣٦-جاسم محمد جاسم،جماليه الخاتمةفی قصيدة الشطرين،مجلة جامعة تكريت للعلوم النسانية،المجلد٢٦، العدد١،كانون الثانی،٢٠١٩،ص١٢٩.

٣٧- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،ل٣٥٦.

٣٨-سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥٧.

٣٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب١،ل٤٣.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی


١- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا،لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی حەمدی وحاجی قادری کۆیی،ئەکایدیمیای کورد،هەولێر،٢٠١١.

٢--پیتەر هالبێرگ ودانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئا:ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کودۆلۆژی، سلێمانی،٢٠١٠.

٣-عزیزگەردی،رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا،ب١،بەرێوبەرێتی گشتی رۆشنبیری کوردی،بەغداد، ١٩٧٢.

٤-عزیزگەردی،رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-واتاناسی، ب٣، بەرێوبەرێتی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغداد،١٩٧٨.

٥-مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب١،بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠١٥.

٦-مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتح عبد الکریم و محمدی مەلا کەریم، دیوانی سالم،ب٢،بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠١٥.

٧-محمد علی قەرەداغی (ئامادەکردن)، زنجیرە وتاری د.محمد صدیقی موفتی زادە لە رادیۆی تاراندا خوێندوونییەوە،ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠٠٨.


سەرچاوەی عەرەبی


٨-ابی الحسن محمد بن احمد بن طباطبا العلوی،کتاب عیار الشعر، تحقیق عبد العزیزبن ناصر المانع، اتحاد کتاب العرب، دیمشق، ٢٠٠٥.

٩- البنري معيض عبد الكريم، الاستهلال في شعر غازي القصيبي،رسالة ماجستير،كلية اللغة

العربية،جامعة ام القرى،المملكة العربية السعودية،٢٠١٢-٢٠١٣.

١٠- الخطيب القزوينى، الايضاح فى علوم البلاغة(المعانى والبيان والبديع)،دار الكتب العالمية، بيروت، لبنان،٢٠٠٣.

١١--بول ريكور،الوجود و الزمان و السرد، ت:سعيد الغانمي،ط١،المركز الثقافي العربي،لبنان،١٩٩٩..

١٢- جاسم محمد جاسم،جماليه الخاتمةفى قصيدة الشطرين،مجلة جامعة تكريت للعلوم النسانية،المجلد٢٦، العدد١،كانون الثانى،٢٠١٩.

١٣-زرفة منزر، شعرية الاستهلال عند بدر شاكر سياب،ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعه محمد خضيربسكره،، الجزائر،٢٠١٥-٢٠١٦.

١٤-سعد مصلوح، الاسلوب دراسه لغوية احصائية، طبعة٣، علم الكتاب، القاهرة، ١٩٩٢.

١٥-سعيد علوش، عجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب بيروت،،١٩٨٥.

١٦- شذى حكيم الرواشدة، بنية الاستهلال في الشعر الاموي، رسالة ماجستير،كلية الاداب، جامعة المؤتة،الاردن.

١٧-شعلال رشيد،شعرية الاستهلال عند عبدالله البردوني،مجلة كلية الاداب واللغات، العدد الثامن،جامعة محمد خضير-بسكرة،٢٠١١.

١٨-عبدالرحمن بدوى،ارسطوطاليس (فن الخطابة)،دار القلم،بيروت، ١٩٧٩.

١٩- فاروق شوشة واخرون، معجم مصطلحات الادب،دار الكتب، القاهرة،٢٠٠٧.

٢٠-مفيدة محمد حسن، بلاغة الخبر في فواتح السور في خطاب سيد البشر، مجلة كلية الدراسات الاسلاميه والعربية للبنات، المجلد الرابع، العدد ٣٥، الاسكندرية.

٢١-مهند علي سليمان، الروايةالاردنية(١٩٩٥-٢٠٠٠)، رسالة ماجستير كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية،٢٠١٠.